DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.359

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕاڤەی ماتریالیزمیی بۆ مێژوو ماتریالیزمی دیالەکتیکیی و ماتەریالیزمی مێژوویی

**م.ی پەیوەند محمد حمد**

زانستە کۆمەڵایەتییەکان فاکەلتی پەروەردە-

زانکۆی سۆران

Kamaran.qadir@univsul.edu.iq

**پ.ی. د. کامەران محمد قادر**

فەلسەفە و توێژینەوە کەلتوورییەکان فاکەلتی

زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانیی

Paywand.hamad@soran.edu.iq

## پوختە:

لێکدانەوەی ماتریالیزمی بۆ پرس و بابەتەکان بە یەکێک لە لێکدانەوە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستییدا ئەنرێت. ئەو میتۆدۆلۆژییە بە دیاریکراویی لە لایەن مارکس و ئەنگڵزەوە بناغەکەی دانرا، دواتر لە لایەن مارکسییەکانەوە کۆمەڵێك شێوە و تایبەتمەندیی تر بەو میتۆدە درا. تێگەیشتنی ماتریالیزمی بۆ مێژوو و بابەتەکانی تر لە سەردەمی خۆی زانینێکی نوێ بوو، کە کاریگەرییەکی بەرفراوانی لە دوای خۆی جێهێشت. لە سۆنگەی گرنگی ئەمەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ سەرەنج خستنەسەر گرنگی میتۆدی ماتریالیزمی بۆ لێکۆڵینەوەکان سرووشت و کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتیی، کە لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت توێژینەوە مێژووییەکان بە شێوەیەکی میتۆدۆلۆژیانە جێبەجێ بکرێت، لە سەر ئەو بنەمایە ئەو توێژینەوەیە هەوڵیداوە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە، لەوەی ئایە میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی ئەکرێ وەک زانست لە قەڵەم بدرێت؟ ئایە گونجاوە هەموو کۆمەڵگاکان بەو میتۆدۆلۆژییە ڕاڤە بکرێت و بە بێ گرنگییدان بە جیاوازیی و تایبەتمەندییەکانی کلتوور و شارستانێتییەکان؟ ئایە پەرەسەندن و گۆڕانەکانی مێژوو ئامانجدار و ناچاریین و لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی مرۆڤ روو ئەدەن؟ ئەو پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری تر ڕەنگە لە ناو ئارگۆمێنتە جیاوازەکانی نەریتی مارکسییزم جێگەی گفتوگۆیەکی گەرموگوڕ بێت. بە پشت بەستن بەو پرسیارانەی سەرەوە، میتۆدی توێژینەوەکە زیاتر پشتی بە شیکاریی ڕەخنەیی بەستووە. ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێکی سەرەتایی گەیشتووە، یەکێک لەوانە بریتییە لەوەی ئەو میتۆدە توانیوییەتی باس لە ڕاستیی ژیانی کۆمەڵ و سرووشت لە دەرەوەی خوێندنەوە سەروو سرووشتیی و ئەفسانییەکان بۆ بابەتەکانی توێژینەوە بکات. هەروەها لەو ڕێگەیەوە نهێنیی پەرەسەندن و گۆڕانەکانی مێژوویی کۆمەڵ و سرووشتیی لە ناو ڕاستییەکی ماتریالیی ئاشکرا کردووە، بەوەی کە زۆرجار پەرەسەندنەکان ناچاریین و هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانی ژیانی مادیی نێوان مرۆڤەکان.

**کلییلە وشەکان (دیالەکتیکی ماتریالیزمیی، ماتریالییزمی مێژوویی، مارکسییزم ، پەرەسەندن، مارکس، ئەنگڵز).**

Recieved: 12/11/2023
Accepted: 3/12/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

روانگەی ماتریالیزمی زیاتر خۆی لە ناو هزری مارکسییزم دا ئەبینێتەوە، واتە دیدی مارکسییزم بۆ سرووشت و مێژوو، یا بوون و روح لە چوارچێوەی ماتریالییەوە، بەڵام ئەوە بەو واتەیە نایەت، کە پێش مارکسییزم قسە لە سەر مادده و روح نەکرا بێت. (ماتریالیزمی دیالەکتیکیی) و (ماتریالیزمی مێژوویی) گرنگترین ئەو چەمکانەن، کە لە ناو نەریتیی هزری مارکسییزم دا مشتومڕێکی زۆریی بە دوای خۆیدا هێناوە، هەرچەندە مارکس و ئەنگڵز وەک خۆیان لە ناو هیچ یەکێک لە نووسیین و بەرهەمەکانیان ئاماژەیان بەو چەمکانە نەکردووە، بەڵام هەردووکیان بە یەکەوە نەخشە رێگایەکی نوێیان بۆ جووڵەی سرووشت و مێژوو دانا. ماتریالییزم و دیالەکتیک دوو چەمکی سەنتەریین لە میتۆد و بابەتی مارکسییزم ، کە دواتر بوو بە رێبازێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و سرووشتییەکان. پێش مارکسییزم قسەی زۆر دەربارەی (ماتەر) و (دیالەکتیک) کراوە، بەڵام لە ناو کەشێکی میتافیزیکییانە و ئایدیالیستانە، واتە سرووشت و روح وەک دوانەیەکی جیاواز، دابڕاو و بێ کاریگەر لە سەر یەک خراوەتە روو. بە شێوەیەکی گشتیی هزری مارکسییزم بە وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی فیکریی مرۆڤایەتی بە گشتیی و میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی بە تایبەتی دائەنرێت، لە رووی میتۆدییەوە لێکدانەوەی مارکسییزم بۆ مێژوو گۆڕانێکی گەورە و نوێی لە توێژینەوە مێژوویەکاندا هێنایە ئاراوە، کە خۆی لە ماتریالیزمی مێژووییدا ئەبینێتەوە. هەروەها ئەتوانیین بڵێین شۆڕشێکی گەورەی بە سەر میتۆدە کلاسیکیەکاندا هێنا. فراوانتر لەمەش توانیی لە رووی میتۆدییەوە سەرنجی توێژینەوە مێژوویەکان بۆ بونیادە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییەکان رابکێشێت.

کێشەی توێژینەوەکە: هزری مارکسییزم وەک میتۆد لە زۆر بواری تر توانراوە سودی لێوە وەربگیرێت، وەک زانستە سیاسیی و سۆسیۆلۆژی و دەروونناسیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتیی . میتۆد و تیۆری (مارکسییزم ) لە چوارچێوەی ماتریالیزمیەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ناوەندەکانی توێژینەوە ئەکادیمییەکان بەجێ هێشتووە، بەڵام لە بواری مێژوویی و مێژوونووسیی لای ئێمە کەمتر بایەخی پێدراوە. هەروەها توێژینەوەکە ڕووبەڕووی کێشەیەکی تر دەبێتەوە لەوەی ئایە هزری مارکسیزم وەک تیۆریەکی لە چوارچێوەی فەلسەفەدایە یاخود تیۆرەیەکی زانستییە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسە سرووشتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان.

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە خوێندنەوە و راڤەکردنی روانگەی بەشێک لە هزری مارکسییزم و لێکدانەوە جیاوازەکانی ماتریالیزمی مێژوویی. لەبەرئەوە راڤەی ماتریالیزمی بۆ مێژوو خۆی لە چەند فۆڕم و شێوەی جیاواز ئەبینێتەوە، کە رەنگە کۆمەڵێک ئارگۆمێنتی دژ بە یەک لە نێوانیاندا هەبێت. ئەمەش پەیوەستە بە فرەیی شێوەکانی مارکسییزم بە شێوەیەکی گشتیی ، چونکە مارکسیزیم چوارچێوەیەکی یەکگرتوویی بۆ پرسەکانی کۆمەڵگا و سرووشت نییە. ئەم توێژینەویە زیاتر هەوڵیداوە بگەڕێتەوە سەر دەق و نووسیینەکانی مارکس و ئەنگڵز، لەو رێگەیەوە ئارگۆمێنتە جیاوازەکانی ناو نەریتی مارکسییزم لەوانە (پلیخانوف)، (مارکس-لینینزم) و کۆمەڵێك «مارکس»ی تر بخاتە روو.

سنوری توێژینەوەکە زیاتر سەرەنجی خستووەتە سەر سێ فۆڕمی جیاواز لە ناو هزری مارکسییزم دا، یەکەمییان (مارکس و ئەنگڵز) وەک سەرچاوەی یەکەمی داڕشتنی میتۆدۆلۆژییەکە. هەروەها دووەمیان بریتییە لە (مارکس-لینینزم) و هەندێ لە تێڕوانینەکانی پلیخانۆف و ترۆتسکیی و ستالین، دوا فۆرمیش باس لە مارکسییزم ی نوێ بە تایبەت (تیری ئێگلتۆن و کریس هارمەن) کۆمەڵێک مارکسیی تر کراوە.

گریمانـەی توێژینەوەکـە: ڕاڤـەی ماتریالیسـتیی ئەگـەر لـە ڕووی زانسـتییەوە میتۆدێـک بێـت بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە دیاردەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی، لـە هەمـان کاتـدا وەک تیۆرییەکـی فەلسـەفیی بەشداره لـە نـاو کۆمەڵێـک پرسـی سرووشـتیی، ئابووریـی، کۆمەڵایەتـی و سیاسـیی، هـەر سرووشـتی هـزری مارکسـیزم خـۆی لـە چەندیـن ڕەهەنـدی جیـاواز ئەبینێتـەوە.

پێکهاتـەی توێژینەوەکـە، لـە پێشـەکی و دوو تـەوەری سـەرەکی و ئەنجامـەکان پێکهاتـووە. لـە تـەوەری یەکەمـدا، بـاس لـە ڕەگ و ریشـەی ماتریالیزمـی و ماتریالیزمـی دیالەکتیکیـی کـراوە، ئـەم تەوەرەیـە کۆمەڵێـک لایەنـی جیاوازی باسـکردووە. هەروەهـا لـە تـەوەری دووەمـدا، بـاس لـە ماتریالیزمـی مێژوویـی کـراوە، کـە زیاتـر سـەرەنجی لـە سـەر بونیـادی ئابووریـی و پێکهاتـەی چینایەتیـی و پەرەسـەندن و گۆڕانەکانـی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتییـە بـە گشـتیی .

لـەم توێژینـەوە دا، سـوود لـە کۆمەڵێـک سـەرچاوەی جیـاواز و جۆراوجـۆر بیـنراوە. بـە تایبـەت بەرهەمەکانـی مارکـس و ئەنگڵـز بـە زمانـی (کوردیـی و ئینگلیزیـی )، هەروەهـا بەشـێک لـە بەرهەمەکانـی لینیـن و پلیخانـوف، لەگـەڵ هەنـدێ لـە مارکسـیيەکانی سـەردەمی ئێسـتا لەوانـە (تێـری ئیگلتـۆن و کریـس هارمـەن) چەنـدان سـەرچاوەی تر.

# تەوەرەی یەکەم ماتریالیزمی دیالەکتیکیی

## یەکەم: مێژوو و پەرەسەندنی دیالەکتیک و ماتریالیزم

دیالەکتیـک و ماتریالیـزم ڕەگ و ریشـەیەکی درێـژی هەیـە، مارکـس خـودی خـۆی سـودی لـە هیـگڵ وەرگرتـووە لـە بـە کارهێنانـی میتـۆدی دیالەکتیکیـی، بـەڵام بـە شـێوە ئایدیالیزمەکـە نـا، بەڵکـو لـە ڕەهەندێکـی ماتریالیزمییـەوە تیشـکی خستەسـەر. کارل مارکـس بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە زۆربـەی نووسـیین و بەرهەمەکانیـدا بـەو ڕێبـازەوە پەیوەسـتە، لەهەمـان کاتـدا (دیالەکتیکیـی میتافیزیکیانـە) لـە ڕاڤەکردنـی دیاردەکان و پرسـە کۆمەڵایەتیـەکان ڕەت ئەکاتـەوە(١). هەروەهـا دەربـارەی مێـژووی ماتریالیـزم ئەتوانیـن هـەر لـە یۆنانـی کۆنـەوە لـە (دیمۆکرتـس) و (ئەپیکۆرسـەوە)، کـە تێـزی دکتۆراکـەی کارل مارکسـە(٢)، تـا ئەگاتـە سـەردەمی نـوێ چەندیـن شـێوە و فۆڕمـی جیـاواز دەستنیشـان بکەیـن. لـە کۆنـدا ماتریالیـزم وەک بابەتێکـی جیـاواز و دابـڕاو بـە دیـاردە مرۆڤایەتییـەکان مامەڵـەی لەگەڵـدا کـراوە، بـەڵام لـە سـەردەمی نـوێ بـە دیاریکراویـی سـەدەی نـۆزدە ئـەو ماتریالیزمـە وەک میتۆدێـک بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە دیـاردە سرووشـتییەکان و کۆمەڵایەتییـەکان خرایـە ڕوو. (کۆمەڵێـک نوسـەر، ٢٠١٨: ٢٢، ٣٦). سـەرەڕای ئـەوەی چاوگـی زانسـتیی (ماتریالیزمـی دیالەکتیکیـی (Dialectical Materialism) بـۆ هـزری مارکسـییزم ئەگەڕێتـەوە، بـەڵام وەک زاراوە، دیالەکتیکیـی ماتریالیزمـی بـۆ بەرهەمەکانـی جۆرجـی پلیخانـۆف، کـە بـۆ یەکـەم جـار لـە نووسـیینەکانی ئـەم دەسـتەواژەیەی بـە کارهێنـا ئەگەڕێتـەوە،(Plekhanov, ١٩٧٦: ٢٥). هەروەهـا فردریـک ئەنگڵـز لـە بەرهەمەکانـی ئاماژەی بـۆ ئـەو زانینـە کـردووە و بـە ماتریالیزمـی نـوێ نـاوی بردووە.(ئەنگڵـز، ٢٠١٨: ٣٠) دەربـارەی ئـەو زانیینـە ڕووبـەڕووی کۆمەڵێـک شـێوە و فۆڕمـی جیـاواز لـە ماتریالیزمـی ئەنگڵز و پلیخانـۆڤ دەبینـەوە، فلادیمێر لینیـن یەکێکی تـرە، کـە داڕشـتنەوەیەکی تـا ڕادەیـەک جیـاواز بـۆ ئـەو میتۆدۆلۆژییـە کـرد، کـە دواجـار بـە فەلسـەفەی مارکسـییزم - لینینییـزم، نـاوی دەرکـرد، تەنانـەت هەنـدێ لـە سـەرچاوەکان ماتریالیزمـی دیالەکتیکیـی وەک فەلسـەفەیەکی نوێـی مارکسـیی - لینینیـی بـۆ جیهـان وەسـف ئەکـەن، (Maurice, ٢٠١٥: ٥): (سـتالین: بـێ سـاڵ: ١). هەروەهـا ئەنگڵـز خـۆی لـە پێشـەکی کتێبەکـەی (ئەنتـی دوورینـگ)دا بـاس لـە ڕۆڵ و بەشـداریی کارل مارکـس کـردووە، بـە تایبـەت لـە دەربڕینـی ڕا و بۆچوونەکانـی دەربـارەی ماتریالیزمـی سرووشـتیی یاخـود ماتریالیزمـی نـوێ. وەک خـۆی ئەڵێـت›› ئەبێت

ئاماژە بەوە بەم، کە بە هۆی ئەوەی ئەو شێوازە لە تیۆروانین کە لێرە خراوەتەڕوو، بەشە سەرەکییەکەی مارکسە و بەشێکی بچووکی لەلایەن منەوە ئامادە کراوە و روونکراوەتەوە، هەر بۆیە لەنێوان ئێمەدا ئەو تێگەیشتنە هەبوو، کە شیکارییەکانی من نابێت بەبێ ئاگاداریی ئەو بڵاو بێتەوە››.(ئەنگلز، ٢٠١٨، ١٤). لەبەرئەوەشە چەمکی مارکسییزم لە ناو کۆمەڵێک ئاراستە و بیر و بۆچوونی جیاواز لە دوای خۆیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان خزاوەتە ناو قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان.

گرنگترین خەسڵەتی دیالەکتیک بریتییە لە بوونی ناوکۆکییەکان، واتە لێکۆڵینەوەیە لە ناکۆکی لە هەناوی هەموو بابەت و ماددەکان، یاخود لێکۆڵینەوەیە لە گۆڕانی شتێکی جەوهەریی بۆ شتێکی جەوهەریی تر، ئەمەش پێی ئەوترێت وەرچەرخان.(ماتسەس، بێ ساڵ: ٢٢)، خەسڵەتێکی تری دیالەکتیک خۆی لە بانگەشەی زانستیی بوون ئەبینێتەوە، واتە هەموو دیدگا تیۆری و فەلەسەفییەکان دەربارەی دیالەکتیک رەت ئەکرێتەوە، چونکە پێیانوایە دیالەکتیک خۆی لە سەر دۆزینەوەی زانستیی بونیات ئەنێت.(Maurice, ٢٠١٥, ١٠٧) هەروەها ستالین بە شێوەیەکی تر سەیری ماتریالیزمی دیالەکتیکی کردووە، بە ڕێبازێکی مارکسی -لینینیی بۆ جیهان لە قەڵەمداوە و پێیوایە نزیک بوونەوەیە لە دیاردە سرووشتییەکان، یاخود میتۆدێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان و لێکدانەوەیە بە دیالەکتیکی، ئەمەش ناودەنێت تیۆریی ماتەریی (ستالین، بێ ساڵ: ٥) لە ناو هەموو ئەوانەی کارییان لە سەر ماتریالیزمی دیالەکتیکی کردووە، زیاتر ئەو بابەتە ئەبەستنەوە بە فەلسەفەی مارکسیی-لینینیی، (ماتسەس) پێیوایە، ئەم میتۆدۆلۆجیە لەلایەن لینینەوە فۆرم و تایبەتمەندییەکی نوێی مارکسیی جیاواز لە هەندێ سیمای پلیخانوڤ پێداوە، (ماتسەس، بێ ساڵ، ٧) هەروەها لینین توانیی لە ماوەیەکی کەمدا پێداچوونەوە بۆ بەرهەم و تێزەکانی پلیخانوڤ بکات و لە ئەنجامدا ئەو ماتریالیزمە دیالەکتیکەی پلیخانۆڤ وەک میتۆدێکی کلاسیک لە قەڵەم بدات، ناوبراو فۆرمێکی نوێی بۆ ئەو بابەتە خستە روو، تەنانەت جیاوازتریش لە ماتریالیزمەکەی ئەنگلز، هەر ئەوەشە وایکردووە هزری لینین بۆ ئەو رێبازە دیالەکتیکییە لە باوترین نەریتەکانی مارکسیی بێت، تەنانەت ئەوترێ ئەو دەرفەتە بۆ ئەنگلز و پلیخانۆڤ دروست نەبووە، لە دیالەکتیکدا هاوشانی مارکس ناویان هەبێت وەک ئەوەی بۆ لینین هەبوو.(ماتسەس بێ ساڵ، ٧٧)؛ (Pillai, ٢٠١٣, ٦٨,٦٩).

هەروەها پەرەسەندنی ماتریالیزمی دیالەکتیکیی وەک میتۆدێک، ئەگەڕێتەوە بۆ رەخنەگرتن دەربارەی تیۆروانینی فەلسەفەی ئایدیالیزمیی ئەڵمانیی و میتافیزیکا بۆ بوون و بابەتەکان بە شێوەیەکی گشتیی . تەنانەت هزری مارکسزیم بە تایبەت لە ماتریالیزمی دیالەکتیکیی لە ئەنجامی بەریەککەوتنی لەگەڵ دوو قوتابخانەی جیاواز سەری هەڵداوە، یاخود متوربەیەکە لە ماتریالیزمی میکانیستیکی شۆڕشی زانستیی و دیالەکتیکیی ئایدیالیستیی هیگڵ، لە رەتکردنەوە و رەخنەگرتنی لەو ماتریالیزمەی پێش خۆیان و فەلسەفەی ئایدیالیزمیی، بنەما و یاساکانی ماتریالیزمی دیالەکتیکییان بە تێکەڵ کردنی دیالەکتیک لەگەڵ ماتریالیزم دارشت. لە هەمان کاتدا ئەم میتۆدە بە هیچ شێوەیەک بیرۆکە و ئایدیاکان کەم ناکاتەوە بۆ ماددە، بەڵکو بە شێوەیەکی دیالەکتیکیی پێیوایە ماددە و هزر جیاوازن و پێچەوانەی یەکترن، بەڵام لە ناو یەکێتیەکی هاوبەش و کاریگەر بە سەر یەکەوە، کە ماددە یەکەمینە ئینجا ئایدیاکان، واتە (ماددە) ئەکرێت بە بێ (مێشک) بوونی هەبێت، بە پێچەوانەوە مێشک ناتوانێت بە بێ ماددە بوونی هەبێت، مێشک لە رووی مێژووییەوە سەر بە ماددەیە و لەو سەری هەڵداوە. (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠٢٠: ١٠٢٢، ١٠٢٣) هەروەها لینیین دەربارەی دیالەکتیکیی سرووشت و عەقڵ یاخود بوون و رووح ئەو تیۆروانینە رەت کردووەتەوە، کە پێیوایە لە نێوان سرووشت و عەقڵ بۆشایەکی بەرفراوان

هەبێت و سرووشت تەنها بە سرووشت راڤە بکرێ و بوونی زەروورەتی سرووشتییش مرۆیی و لۆژیکی نەبێت، یاخود سرووشت وەک بوونێک نەچێتە ناو پێوانە و لۆژییکیی مرۆییەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە ئەرکی مرۆڤە یاساکان و سیستەمی جوڵەکان ئاشکرا بکات و لێیان بگات، چونکە ئەوە کاریگەریی سرووشتە لە سەر سیستەمی و یاساکانی ژیانی مرۆڤایەتیش. (لینین، بەرگی چوارەم: ٢٠٢٢، ١٧٦). ئەنگڵز ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ماتریالیزم نوێترین پێشکەوتنەکانی زانستیی سرووشتیی لە خۆ هەڵئەگرێت، لە سەر بنەمای ئەوە سرووشت بۆ خۆی مێژووی هەیە. لە کاتدا روو ئەدات و تەنە ئاسماکانیش وەک هەموو جۆرە بوونەوەرەکانی زیندوو، لە دۆخ و هەلومەرجێکی گونجاو لە دایک ئەبن، لە درووست بوون و تیاچوون دا. هەر لەبەرئەوەیە ئەنگڵز دیالەکتیکیی وەک تیۆرەیەک رەتکردووەتەوە و پێیوایە ماتریالیزمی نوێ پێویستی بە فەلسەفەیەک نییە لە سەرووی زانستەوە بێت. یاخود ئەکرێت وەک تیۆرەیەکی زانستیی مامەڵە لەگەڵ دیالەکتیک بکرێت. (ئەنگڵز، ئانتی دورینگ، ٢٠١٨: ٣٠) رەتدانەوەی دیدی ئایدیالیزم گرنگترین کاری مارکسیی بووە، ستالین لە میتۆدی دیالەکتیکیی چوار پرنسیپی جیاواز خستووەتە روو، لە سەر بنەمای رەتکردنەوەی خوێندنەوەی میتافیزکیانە پرنسیپەکانی دیالەکتیکیی دارشت، بەم شێوەیە:

١. بە پێچەوانەی میتافیزیکیەوە، دیالەکتیکیی سرووشت بە چڕبوونەوەیەکی شتەکان بە تەنها نازانێت، کە هەر یەکە و بوونی سەربەخۆییان هەبێت، بە پێچەوانەوە شتەکان پەیوەستن بە یەکترەوە.

٢. هەروەها بە پێچەوانەی میتافیزیکییەوە دیالەکتیک هەموو شتێک بە دۆخی جوولەی بەردەوام و گۆڕان و نوێبوونەوە ئەزانێت، کە شتێک هەمیشە گەشە ئەکات، لە بەرامبەر دا هەمیشە شتێک لە مردن و لاواز بوون دایە.

٣. دیالەکتیک پێچەوانەی میتافیزیکیەوە پەرەسەندن بە پرۆسەیەکی سادە نازانێت، بەڵکو بە پرۆسەییەکی خاوتر و دوور مەودا ئەزانێت، لە گۆڕانی چەندێتییەوە بۆ گۆڕانکارییە چۆنایەتییەکان.

٤. هەروەها دیالەکتیک پێیوایە هەمیشە گەشەکردن لە خوارەوە بۆ سەرەوە درووست ئەبێت، پێچەوانەی ئایدیالیستەکان کە هەمیشە سەرەوە بە سەر خوارەوە دا ئەسەپێنن، ئەمەش بە ئاشکراکردنی ناکۆییەکان لە ناو شتەکاندا، بە ئاراستەی خەبات لە چوارچێوەی شتە لێکدژەکان. (ستالین، بێ ساڵ: ٧-١٠). هەرچەندە بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی سرووشتیی دیالەکتیک لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لە کۆی تێگەیشتنی مارکسییەکان لە سەر ئەو خاڵە کۆکن، کە دیالەکتیک بەرهەمی جوولەی مادییەکانە.

## دووەم: دیالەکتیکی کات و شوێن

لە راڤەکردن بۆ هەر دیاردەیەکی سرووشتیی یاخود مرۆیی دوو چەمکی سەرەکیین. ئەو دوو چەمکە بە شێوەیەکی گشتیی بە یەکەوە بە شێوەی تەبا و ناکۆک لەگەڵ یەکتر دا بوونی خۆیان ئەسەلمێنن، بە درێژایی پەرەسەندنی هزری ئایدیالیزمیی و ماتریالیزمی مشتومڕێکی بەرفراوان لە نێوانیان دەربارەی راڤەکردن و تێگەیشتن لە کات و شوێن درووست بووە، خاڵی جیاوازیی و بەریەککەوتنی ئەو دوو قوتابخانەیە خۆی لەو پرسیارە ئەبینێتەوە، بەوەی ئایا ئەوە مرۆڤە لە رێگەی هزر و هەستەکانی بوونی کات و شوێن دیاری ئەکات؟ یاخود بە پێچەوانەوە کات و شوێن وەک بابەتێکی واقیعی ئەکەوێتەوە دەرەوەی ئەزموون و ویستی مرۆڤ؟، ئەوەی روونە هەرچیی ئایدیالیزمە هەر زوو ئایدیا و هەستەکییان کردە چەقێک بۆ هەموو بوونێک، لە بەرامبەر دا ماتریالیزم بوونی مادیی خستە پێش هەر شتێکی تر. دیالەکتیکیی شوێن و کات لە هزری مارکسییزم دا، بایەخێکی

گـەورەی بـە توێژینـەوە سرووشـتییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی بەخشـی، بـەو مانەیـەی شـوێن و کات هـەر ئـەوە نییـە کـە مـرۆڤ لـە خەیاڵدانـی خـۆی دروسـت کـردووە، وەک ئایدیالیسـتەکان بانگەشـەی بـۆ ئەکـەن، بەڵکـو ئـەوە بوونێکـی واقیعـی بابەتییـە و جێـگای تێرامـان و تێگەیشـتنیی مرۆڤـە، ئەنگڵـز لـە بەرهەمەکـەی (ئانتـی دورینـگ،...) ی بەنـدی یەکـەم لـە بابەتـی فەلسـەفەی سرووشـت، شـوێن و کات بـە شـێوەیەکی ورد بنەمـا مادییەکانـی بوونـی شـوێن و کاتـی لـە رەت دانـەوەی دورینـگ و ئایدیالیسـتەکان دارشـت، ناوبـراو پێیوایـە بـوون بـە بـێ کات ئەوەنـدە بـێ مانایـە، کـە ناکرێـت بخرێتـە نێـو هیـچ فەزایـەک. هەروەهـا دەربـارەی جوڵـە و پەرەسـەندنەکانی سرووشـت وەک شـوێن خسـتیە نـاو کاتـەوە، واتـە گۆڕانگارییـەکان لـە نـاو کات دایـە، کات لـە نـاو گـۆڕان دایـە، ئـەوە پێـی ئەوترێـت دیالەکتیکیـی کات و شـوێن. (ئەنگڵـس: ٢٠١٨، ٦٠، ٦١). هەرەوەهـا لینییـن لـە گۆشـەنیگایەکی تایبەتـەوە هەوڵیـدا، شـوێن و کات لـە خوێندنـەوەی ئیپسـتمۆلۆژییەکان رزگار بـکات، لینییـن ئـەوە رەت ئەکاتـەوە، کـە کات و شـوێن وەک دوو سیسـتەمی رێکخـراو لـە چوارچێـوەی هەسـتەکانی مـرۆڤ بوونـی هەبێـت، بـە پێچەوانـەوە پێیوایـە ئـەوە مـرۆڤ نییـە، کـە لەگـەڵ هەسـتەکانی لـە کات و شـوێن دا هەیـە، بەڵکـو ئـەوە کات و شـوێنن کـە لـە مرۆڤـدا هـەن و پەیوەسـتن بـە مرۆڤـەوە بـە شـێوەیەکی گشـتیی . بـۆ سـەلماندنی تێزەکەشـی ئەڵێـت›› تێگەیشـتنی مرۆیـی لـە هـەر بارێکـدا بێـت، گـەر سـنوورەکانی کات و شـوێنی تێپەڕانـد، ئـەوە واقیعـی نییـە›› (لینییـن، بەرگـی چـوارەم؛ ٢٠٢٢: ٢٠٨) ناوبـراو هەمـوو دیدێکـی تیـۆری رەت ئەکـردەوە لـە مەسـەلەی بوونـی کات و شـوێن، چونکـە بوونـی سرووشـت لـە نـاو کاتدایـە و ئەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش لـە دایکبوونـی مـرۆڤ و ئەزموونەکـەی (لینیـن، بەرگـی چـوارەم: ٢٠٢٢؛ ٢٠٣، ٢٠٤). پودوسـیتنک یاخـوت لـەم بارەیـەوە هەمـان بیروبۆچوونـی هەیـە، بـەوەی کـە شـوێن و کات بـە شێوەیەکی بنەڕەتـی ناکرێ لـە یەکتریـان جیـا بکەیـەوە، ئـەوەی هەیـە ماددەیـە لـە شـوێن و کاتدایـە، هیـچ بوونێـک ناخرێتـە دەرەوەی شـوێن و کات، بـە پێچەوانـەی ئەمـە هەنگاونانـە بـۆ نـاو میتافیزیـکا و پەیوەنـدی بـە واقیعێتـی سرووشـت و ژیانـی مرۆییـەوە نییە.(یاخـوت، ٢٠٠٧: ٤٥). لۆژییکیـی مـاددە لـە جوڵـە و گۆڕاندایـە، ئەمـە سـەرەتاییترین بنەماکانـی ماتریالیزمیـن، بـە پێچەوانـەوە هەمـوو بوونێکـی جێگیـر و بـێ جوڵـە ئەخرێتـە نـاو فەزایەکـی ئاینـی و سـەروو سرووشـتیی، ئەمـە بـۆ بابەتـە کۆمەڵایەتییەکانیـش راسـتە، ئـاکار و کلتووریـی جێگیـر بوونـی نییـە. ترۆتسـکی بـە نموونەیـەک هـەوڵ ئـەدات، ئـەو بوونـە جێگیـر و نەگـۆڕە رەت بکاتـەوە، ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە، کـە یـەک شـەکر یەکسـان نییـە بـە کیلۆیـەک شـەکری تـر بـە جێگیریـی، چونکـە هەمـوو تەنـەکان بـە پێـی کات لـە رووی قەبـارە و کێـش و رەنگـەوە گۆڕانکارییـان بـە سـەر دا دێـت. واتـە یـەک کیلـۆ شـەکرکە لـە سـاتێکی دیاریکـراو دا یەکسـانە بـەوەی تر.(کۆمەڵێـک نووسـەر، (ماتریالیـزم)، ٢٠١٨، ١٨٨، ١٨٩). ئـەوە دەرخـەری کاریگەریـی کات و شـوێنە، لـە سـەر گۆڕانکارییـە مادییـەکان لـە هەلومەرجێکـی دیاریکـراو دا.

## سێیەم: یاسا و بنەماکانی دیالەکتیکی ماتریالیزمی

١. گـۆڕان لـە چەندێتیـی بـۆ چۆنێتیـی یەکێـک لـە خاڵـە سـەرەکییەکانی پەرەسـەندن، پێشـکەوتن و گـۆڕان، بریتییـە لـە گۆڕانـی دۆخـی چەندێتیـی بـۆ چۆنێتیـی، لـەم بارەیـەوە کارل مارکـس بـە پێشـەنگی بـاس کردنـی ئـەم یاسـایە لـە قەڵـەم ئەدرێـت، ئەگەرچیـی ناوبـراو زیاتـر سـەروکاری لەگـەڵ گۆڕانـە کۆمەڵایەتییـەکان بـووە، بـەڵام دواجـار ئـەم دیـدە لـە نەریتیـی مارکسـیزم دا، ئەبێتـە ئیلهامێـک بـۆ گۆڕانکارییـە سرووشـتییەکانیش. مارکـس سـەبارەت بـۆ گۆڕانکارییەکانـی یاخـود گواسـتنەوەی چەندێتیـی و بـۆ چۆنێتیـی ئەڵێـت›› هـەر شـتێکی سـودبەخش، وەک ئاسـن و

کاغەز و ..هتد، ئەکرێ بە دوو لایەنە سەرنج بدەین، واتە لایەنی چەندایەتیی و چۆنایەتیی، هەریەکێک لەو شتانە کۆمەڵێکن تایبەتمەندیی جیاوازیین هەیە، بۆیە ئەکرێ بەشێوەی جۆراو جۆر سودیان لێ وەربگرێت، ئەو رەهەندە جیاوازانە و شێوازی بەکارهێنان کاری مێژووە». لە (سەرمایە، ب١ ٢٠١٥: ١٠٩) هەروەها مارکس لە بەرگی یەکەمی کتێبی سەرمایە، بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاڵوگۆڕیی کەرەستەکان و پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایە لە نێوان کاڵا و دراو روون کردووەتەوە، لەوێ ئەو قۆناغە راگواستەی چەندێتیی بۆ چۆنێتیی ئاشکرا کردووە. هەروەها (فردریک ئەنگڵز) لە رەت دانەوەی تێزەکانی دورینگ و ئایدیالیزمی هیگڵی ئاماژە بۆ ئەو پەرەسەندن و گۆڕانەکان کردووە، ناوبراو کتێبی (سەرمایە)ی کارل مارکسی وەک میتۆدێک بۆ ئەو بابەتە، بە یەکەمیین سەرچاوە داناوە. تەنانەت پێیوایە دەستکەوتە ئابوورییەکانی مارکس پێویسە وەک میتۆدێکی ماتماتیکی سەیر بکرێت. (ئەنگڵز، ٢٠١٨، ١٣١)

ئەو بابەتە لە دیدی مارکسیزم دا بانگەشەیەکی زانستییانەیە، نەک شێوەیەکی تیۆری بێت، ترۆتسکی لەم بارەوە ئەڵێت، «ئێمە بۆیە بە دیالەکتیکییەکەمان دەڵێین ماتریالیزمی، لەبەرئەوەی ڕەگ و ڕیشەی لەناومان و لە ناوقووڵایی ئیرادەی ئازادی ئێمەدا نیە، بەڵکو لە ناو واقیعی بابەتیدایە لە ناوسرووشتدایە». هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، کە ئاگایی لە نائاگییەوە دروووست بووە، سایکۆلۆژیی لە فیسیۆلۆژیی و جیهیانیی ئۆرگانیی لە جیهانیی نائۆرگانیی. قۆناغەکانی پەرەسەندنە گۆڕانە چەندێتییەکان ئەگۆڕێت بۆ گۆڕانی چۆنێتیی. (کۆمەڵێک نووسەر، (ماتریالیزم)، ٢٠١٨: ١٩٢،١٩٣) بە پێی ئەم تێگەیشتنە، دیالەکتیکیی بیرکردنەوە لە دیالەکتیکیی سرووشتەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو گۆڕانکارییەش پرۆسەیەکە لە ناو کات و زەمەنێکی دیاریکراو دایە، گۆڕانە چەندێتییەکان پرۆسەیەکی لە سەرخۆ و هێواش ئەڕوات بۆ گۆڕانێکی خێرای چۆنێتیی، ئەم دیدە ستالین ناوی لێ ئەنێت یاسای راستەوخۆی گەشەکردن. (ستالین، بێ ساڵ: ١٣) هەروەها زۆرجار گۆڕانکارییە چەندێتییە خاوەکان ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕانێکی شۆڕشگێری لە رووی چۆنێتییەوە، ئەکرێت نموونەکانی وەک کەڵەکە بوونی سەرمایە و پەرەسەندنەکانی ئامراز و کار و پیشەسازیی ئەورووپا لە سەدەی نۆزدهەم، کە چۆن ئەو گۆڕانە چەندێتییەکان، کە پاشخانێکی مێژوویی دوور مەودای هەبوو، بووە هۆی گۆڕانێکی کتوپڕی چۆنێتیی لە سەرهەڵدانی چەندیین بزوتنەوە و کاردانەوەکان بە شێوەیەکی گشتیی، واتە باسەکە تەنها گۆڕان و پەرەسەندنەکان بۆ شتەکان نییە لە چەندێتیی بۆ چۆنێتیی، بەڵکو پەیوەیستە بە ژیانی مرۆڤیشەوە.

لە لایەکی ترەوە، دیالەکتیکیی گۆڕانی چەندێتیی بۆ چۆنێتیی، مەرج نییە تەنها چەندێتیی هۆکارێک بێت بۆ چۆنایەتیی، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرجار گۆڕانە چۆنێتییەکان کاریگەریی لە سەر چەندێتیی دروووست ئەکەن. دەربارەی ئەمە (پودوسیتنک و یاخوت) بە نموونەیەک هەوڵی داوە ئەم دیدە بسەلمێنێت و ئەڵێت» گریمان خەڵکی توانییان جۆرە پاقلەیەکی سوودانی بدۆزنەوە، ئەمە چۆنایەتیەکی نوێیە، بەڵام ئەو جۆرە پاقلە تازەیە رۆنی زیاتری لێ ئەردێت» واتە جۆرێتیی شتەکە زۆرجار کاریگەریی لە سەر چەندێتیی دروووست ئەکات. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٧: ٨١) بە شێوەیەکی گشتیی زۆرجار گۆڕانەکان پرۆسەیەکە لە چۆنێتییەوە دێنە ناو چەندێتیی و بە پێچەوانەش، چونکە لە دیالەکتیکیی مارکسیزم دا هەڵەیەکی میتۆدۆلۆژییە چەندێتیی و چۆنێتیی وەک دوو بوونی دابڕاو و نا پەیوەست بە یەکەوە بخرێنە بەر باس، پلیخانۆف دەربارەی ئەمە پێیوایە هەڵەیە بیر لەوە بکرێتەوە، کە سرووشت و مێژوو هیچ بازدانێک ئەنجام نادات( Plekhanov, ١٩٧٦ ,٨٥,٨٤).

٢. یاسای لێکدژەکان (رەتکردنەوە)، لە یاسای ئاڵوگۆڕی چەندێتیی بۆ چۆنێتیی، شێوەیەکی نوێ خۆی دەرئەخات

و ئەبێتە خاڵی بنەڕەتی پەرەسەندن، بەڵام سەرچاوەی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەریەککەوتن و کارلێکی چەندێتیی و چۆنێتیی لە ڕێگەی یاسای دووەمی دیالەکتیک، کە بریتییە لە ململانێ و لێکدژیی شتەکان. جوڵە، پەرەسەندن، گۆڕان لە ناکۆکی و ناتەبایی شتەکان دایە، نەک هاوسەنگی، ئەمە لە هزری مارکسییزم بە شێوەیەکی بەرفراوان دوالیزمەکان وەک بنەمایەکی بە هێزی دیالەکتیکیی نێوان بوونەکان پێکدێنن، واتە لە پەیوەندی دیالەکتیکییدان لەگەڵ یەکتر، دابڕاو نین، بەڵکو پەیوست و تەواوکاری یەکترن و بە ناو یەکتر دا تێ ئەپەڕن، ئەنگلز دەربارەی ئەوە پێیوایە لێکدژەکان لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕدان و هەروەها شتە ئەرێنیی و نەرێنییەکان چەندە لێکدژ بن لە هەمان کاتیشدا بە یەکەوە مانایەکی نوێ لە بەریەککەوتنیان درووست ئەکەن. (کۆمەڵێک نووسەر، (ئایدیالیزم)، ٢٠١٨: ٣٧٢). قسەکردن دەربارەی هەر بوونێکی نەگۆڕ و جێگیر، رووبەڕووی هیچ جۆرە دژیەک و بەریەککەوتن نابێت، ئەو بوچوونە زیاتر لەگەڵ دیدی سەروو سرووشتییەوە دێتەوە، کە پێیانوایە هەر دژێک لە ناوخۆی دایە و پەیوەندی بە دەرەوەی خۆی نییە، بە پێچەوانەی روانگەی مارکسیی هەر چەندە ئەو لێکدژیە رەت ناکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لێکدژەکان لە ململانێی ناوخۆییەوە بۆ رەنگدانەوەیەکی دەرەکی کاریگەریی درووست ئەکات، ململانێ هەر کردارێکی ناوەکیی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە دەرەوەی خۆشی. (یاخوت و سبیزکین، ٢٠٠٧: ٨٩) (پودوسیتنیک و یاخوت) هەوڵیان داوە بە نموونەیەک ئەو خاڵە زیاتر روون بکەنەوە، ناکۆکیی نێوان سەرمایەدارێک و کرێکارێک جیاوازە لەگەڵ ناکۆکی نێوان دوو کرێکار کە سەر بە یەک چین و هاوبەرژەوەندیین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ناکۆکیە لە خۆیدا، رێگەی جیاواز ئەگرنە بەر بۆ چارەکردنی گرفتەکانیان، ئەم ناکۆکیە هەر لە خۆیدا نییە، بگرە دەکەوێتە دەرەوەی خۆیشی. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٧: ٩٥) هەروەها ماتسەس پێیوایە دیالەکتیک خەسڵەتێکە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ناکۆکی لە هەناوی بابەت و ماددەکاندا. ( ماتسەس، بێ ساڵ: ٢٢)

دژە جەمسەرەکان لە روانگەی دیالەکتیکییەوە، ئەگەر تاکلایەنە و ناپێویستیش بن لەگەڵ یەک، وەک دوالیزمەی هەڵە و راستیی، ئەوە لە هزری مارکسییدا بە تایبەت لە یاسای رەت کردنەوە(نەفی)، دان بە هیچ راستییەکی رەها و جێگیر دانانێت، بەڵکو هەڵە و راستیی رێژەیین، ئەوەی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا راستە، رەنگە لە بارودۆخێکی تردا هەڵە بێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە راستیی و هەڵە وەک دوو چەمکی لێکدژ لەگەڵ یەکتردان و بە ناو یەکتردا دەڕۆن، ئەم تێگەیشتنە جەخت لەوە ئەکاتەوە کە هزری مارکسییزم وەک راستییەکی نەگۆڕ بوونی نییە و لە ناو هەلومەرجە جیاوازەکان ئەکرێ گۆڕانکاریی بە سەر هەندێ لایەنیدا بێت. سەبارەت بەوە (ئالان وودس و ڕۆب سیوێل) پێیانوایە پێشکەوتنی زانست و زانینەکان (مەعریفەکان)، تەنها بە رەت کردنەوەی تیۆرە هەڵەکان دەست پێناکات، بەڵکو گریمانەی ئەوە ئەکرێت کە ئەشێ ئەم تیۆرییانە لە سەر ئاستی جیهانێکی دیاریکراوا راست بێت و جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە قۆناغێکی تردا، دەرز و کەلێن بکەوێتە ئەم تیۆریانە، ئا لێرەوە لە دەرەوەی ویستی یاسای رەت کردنەوە، یاسای ئاوەرتە (الاستثناء) دەرئەکەوێت، ئەوەش لە دایک بوونی تیۆریەکی نوێیە لە ئەنجامی ریەککەوتنی تێڕوانینە کۆنەکان و نوێیەکان، کە ئەوانە تەنها هەر یەکتر رەت ناکەنەوە، بەڵکو هەردووکیان لە مودێلێکی نوێ ئاوێتەی یەکتر دەبن، واتە لە هەر دۆخێکا بێت لێکدژی خۆی ئەسەپێنێت، وەک خۆیان ئەڵێن››خواستی ڕزگاربوون لە لێکدژەکان، بریتییە لە خواستی ڕزگاربوون لە واقیع). (کۆمەڵێک نووسەر (مارکسییزم) ٢٠١٨: ٤٧-٤٨). لەکۆتاییدا ئەتوانیین بڵێین بەبێ لێکدژەکان و رەت کردنەوە یەکێتی شتەکان بەدی نایێت، ئەوە ململانێی کرێکار و خاون سەرمایە و بورژوازێتە

سیستەمی سەرمایەداریی بەرهەم هێناوە، لێرە بوونی کرێکار وەک دوالیزمەی سەرمایەدار ئەکەوێتە ململانێیەوە، ئەمەش ئەوەمان پێ ئەڵێت بوونییان پەیوەستە بە یەکترەوە، هەروەها لە مێژوودا پێی ئەگوترێت هۆکار و ئەنجام.

٣. ڕەتکردنەوەی ڕەت(نەفیکردنی نەفی)، لێکدژەکان و ڕەت کردنەوەکان، گەیشتن نییە بە مەنزڵگای ئارامی ڕاستیی (حەقیقەت)، بەڵکو پرۆسەیەکە لە بەردەوامێتی بوونی خۆی نەکەوتووە، ئەوەی لە ئەنجامی بەریەککەوتن و دژەکانەوە درووست بووبێت، جارێکی تر خۆی ئەچێتەوە ژێر هەمان بار، بەمەش ئەگوترێت یاسای ڕەتکردنەوەی ڕەت (نەفی نەفی). بە پێیی تێڕوانینی (ئەنگڵز) بێت، سەرچاوەی ئەم میتۆدلۆژیە لەلایەن کارڵ مارکسەوە گەڵاڵە بووە، بەڵام ناوبراو خۆی لە بەرهەمەکەی (ئانتی دورینگ) بە شێوەیەکی فراوان تێزەکانی خۆی بۆ شرۆڤەی ئەم بابەتە تەرخان کردووە. بەر لە هەموو شت ئەنگڵز لە ڕەخنە گرتنی دیدی ئایدیالیزمانەی هیگڵی و تێزەکانی دورینگ یاسای (نەفی کردنی نەفی) دارشتووە، دیدی هیگڵ بۆ دیالەکتیکیی ڕەت کردنەوە بە چاوشارکێ ناو ئەبات وەک ئەوەی بوون لە خۆی هەڵگەڕێتەوە دواتر یەکێتییەک لە ناو هەمان بوون درووست بێت. ناوبراو پێیوایە مارکس لە تێڕوانینی مێژوویيەوە بەڵگەی هێناوەتەوە، کە چۆن پیشەسازیی بچووک لە ڕێگەی پەرەسەندنەکەی گۆڕی بۆ خۆی هەڵکردووە، لە ڕێگەی فراوان بوونی پیشەکەی، هەر بەو شێوەیەش سەرمایەداریی لەگەڵ خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی پڕ قەیران و دژیەکی ناوخۆییە، کە درووستکەری بارودۆخی مادییە لەوێدا ئەویش تیادەچێت و نامێنێت، کە خۆی پیشتر لە سەر ڕەت کردنەوەی فیودالیزمی بەرهەم هات بوو، ناوبراو پێیوایە ئەمە پرۆسەیەکی مێژوویيە لە هەمان کاتیشدا دیالەکتیکییە.(ئەنگڵز، ئانتی دورینگ...، ٢٠١٨، ١٤١) هەروەها (پودوسیتنیک) پێیوایە هەموو ئەو شتانەی لە ناو سرووشت و کۆمەڵدا دەر ئەکەون بە پێی زەمەن بە سەر ئەچن و جێگا بۆ دیاردەی نوێتر چۆل ئەکەن، ئەگەرچی خەسڵەتە کۆنەکە خۆشی لە کاتێکی دیارکراودا نوێ بووە، بەڵام لە ئێستایا هێز و دیاردەی تازەتر خۆی بە سەرا زاڵکردووە و ئەیخاتە پەراوێزەوە، ئەمە لە دیالەکتیکیدا پێی ئەگوترێت یاسی نەفی نەفی(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٧: ٩٩،١٠٠). خاڵێکی تر گرنگە ئاماژەی پێ بدەین لە دیالەکتیکیی ئایدیالیزمیی پەرەسەندنی سرووشت و کۆمەڵ لە پلەیەکی باڵاوە ئەڕوانێتە ئەم پرۆسەیە، پێچەوانەی مارکسیی پێیوایە پەرەسەندن لە قۆناغێکی نزمەوە ئەڕوات بۆ بەرزتر، وەک لە قۆناغی کۆمۆنی سەرەتاییەوە بۆ سۆشیالیزم، بەرهەمی ئەمەش نەفی کردنی نەفییە، کە هەمیشە سرووشتێکی پێشکەوتنخوازانەی بەرەو پێشەوەی هەیە، (یاخوت، ٢٠٠٧: ١٠٢) بەڵام ئایە ئەو پرۆسەیە چۆن روو ئەدات؟ ئایە جووڵەیەکی میکانیکییە یاخود لە ناو ویستی و ئازادیی مرۆڤ دایە؟ ئەنگڵز پێیوایە (مارکس) هەوڵی نەداوە ئەم یاسایە وەک پێویستیەکی مێژوویی بسەلمێنێت، بە پێچەوانەوە ئەو لە دیدی مێژوویی ئەسەلمێنێت، کە ئەم پرۆسەیە ڕەنگە هەندێ جار ڕووبدات، هەندێ جاریش پێویستییەکی ناچارییە ئەبێت روو بدات بە پێی یاسایەکی دیارکراویی دیالەکتیک. هەروەها ئەوە ڕەت ئەکاتەوە کە یاسای نەفی نەفی «ڕۆڵی مامانێک بگێڕێت تاوەکو ناوکی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و داهاتوو ببڕێت».(ئەنگڵز، ئانتی دورینگ...، ٢٠١٨، ١٤٢،١٤١).

لە کۆتاییدا ئەتوانیین بڵێین پەرەسەندنی ئایدیاکان، پەیوەستن بە ژیانی ڕاستیی مادییەوە، لە پەیوەندیەکانی ئاڵوگۆڕیی و لێکدژەکانەوە پەرەدەسێنن و ئەو بەریەککەوتنانە وەها دەرئەکەوێت کە شێوە کۆنەکان ڕەت ئەکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا خۆشیان هەڵگری خەسڵەتی ڕەت کردنەوەن، ئەوە روونە کە خاڵی سەرەکی

هـزری مارکسـییزم گەشـە پێـدری دیالەکتیکیـی لێکدژەکانـەوە لـە شـرۆڤەی ئایدیالیزمیـی و میتافیزیکییانـەی رزگار کـرد، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش چەنـد رەخنەیەکـی جـدی ئاراسـتەی مارکسـیی دەربـارەی ئـەم تێـزە ئەکرێـت، بـەوەی بۆچیـی ئـەم یاسـا نەفـی نەفیـە لـە گەیشـتینی بـە قۆناغـی کۆمۆنیـزم ئەگاتـە بنبەسـت، یاخـود بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ئـەو لایەنـە لـە هـزری مارکسـییزم روون نەکراوەتـەوە، ئایـە کۆمۆنیـزم هەڵگـری هیـچ خەسـڵەتێکی رەت کردنـەوە نییـە، ئەگـەر نییـە، ئێمـە لـە سـەر دۆخێکـی نەجـوڵاو و جێگیـر قسـە ئەکەیـن، ئەمـەش رێـک پێچەوانـەی تێزەکەیانـە، کـە هەمـوو بوونێکـی نەجـوڵاو ئەخەنـە دەرەوەی ژیانـی راسـتەقینەی سرووشـت و کۆمـەڵ.

## تەوەرەی دووەم/ ماتریالیزمی مێژوویی

### دەستپێک

کاتێـک ئـاوڕ لـە مێژوویـی مرۆڤایەتـی ئەدەینـەوە، ئاشـنای کۆمەڵێـک رووداو، جەنـگ، ململانـێ، سـەرهەڵدانی شارسـتانێتیک و ئاوابوونـی یەکێکـی تـر، دروسـت بـوون و هەڵوەشـانەوەی دەوڵـەت و ئیمپراتـۆرەکان، واتـە بـە شـێوەیەکی گشـتیی رووبـەڕووی چەندیـن فـۆڕم و شـێوەی جیـاوازی ژیانـی ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی جیـاواز ئەبینـەوە. بـە درێژایـی سـەدەکانی رابـردوو تێگەیشـتن لـەو هێـز و هۆکارانـەی جووڵـەی مێـژوو بابەتێکـی گـەرم بـووە لـە نـاو چەندیـن قوتابخانـە فەلسـەفییەکان و زانسـتییەکان، بـە تایبـەت لـە سـەردەمی مۆدێرنـە. بـە شـێوەیەکی گشـتیی مارکسـییەکان لـە سـەر ئـەو خاڵـە کۆکـن، کـە مرۆڤـەکان خۆیـان مێـژووی خۆیـان دروسـت ئەکـەن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا گرنگـە بپرسـین پاڵنەرەکانـی ئـەوە جوڵـە مێژووییـە چیـن؟ ئایا حـەز و چێـژ و پاڵنـەرە دەروونییەکانـن؟ یاخـود رۆڵـی دەسـتەبژێر و پاڵەوانـەکان و هێزەکانـی سـەروو سرووشـتیی و ئاینیـن؟ مارکسـێتیی بـۆ وەڵامـی ئـەوە پرسـیارانە، پاڵنـەری مادیـی بـە هـۆکاری سـەرەکیترین جووڵـەی مێـژوو و تەنانـەت رەنگدانـەوەی لـە سـەر رەفتـاری مـرۆڤ ئەزانێـت. سـەرچاوەی ئـەم میتـۆدەش وەک باسـمان کـرد، خـۆی لـە بنەڕەتـدا سـود و ئیلهامـی لـە دیالەکتیکیـی سرووشـتیی وەرگرتـووە، بـەڵام لێـرە رووبـەڕووی کۆمەڵێـک پرسـیاری تـر ئەبینـەوە، ئایـە یاسـا سرووشـتییەکان (ماتریالیزمـی دیالەکتیکیی)، ئەکرێ لـە سـەر گۆڕانـە کۆمەڵایەتییـەکان جێبەجـێ بکرێـت؟ وەک چـۆن سرووشـت کار لـە سـەر گۆڕانـی خـۆی ئـەکات؟ یـا چـۆن بتوانییـن ئـەو لۆژیکییـە قبـووڵ کەیـن، کـە ئـەو یاسـایانەی لـە سرووشـت بـە شـێوەیەکی میکانیکـی روو ئـەدەن لـە کۆمەڵیشـدا شـیاوی روودانـە؟ یاخـود ئایـە هـزری مارکسـییزم بـە دیاریکراویـش کارل مارکـس وەک خـۆی ئاماژەی بـە بابەتێکـی وەهـا داوە، کـە ئـەو یاسـایانەی بـۆ سرووشـت شـیاوە بـۆ کۆمەڵیـش بـە هەمـان شـێوە؟. هەڵبەتـە وەک دەزانییـن لـە نـاو راڤەکارانـی هـزری مارکسـییزم چەندیـن شـێوە و جـۆرە جیاوازەکانـی مارکسـێتیی هەیـە، کـە لێـرە کارێکـی بێهوودەیـە بتوانییـن قسـەی تـەواو لـە سـەر هەموویـان بکەیـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەوڵ ئەدەیـن هەنـدێ بۆچوونـی جیـاواز لـە نـاو شـرۆڤەکارانی هـزری مارکسـییزم سـەبارەت بـەو پرسـیارانەی پێشـوو لـە چەنـد ئارگۆمێنتێکـی جیـاوازەوە بخەینـە بـەر وتوێـژ.

مێـژوو و پاڵنـەرە شـاراوەکانی، لـە نـاو فەلسـەفەی مارکسـییزمدا بابەتێکـی گرنگـە، لـە رێگەیـەوە تایبەتمەندییەکـی سـەربەخۆیان بـە میتۆدۆلۆجیـای مێژوویـی بەخشـی، ئەمـەش شۆڕشـێکی میتۆدی بـوو دژ بـە لێکدانەوە ئایدیالیسـتیی و میتافیزییکیـی و ئاینییـەکان، چیتـر مێـژوو هـەر مێـژوو پاشـا و دەسـتەبژێر و پاڵەوانـەکان نەبـوو، بەڵکـو مێـژووی کۆمەڵ و چیینـی خـوارەوە بـوو، کـە رۆڵـی یەکلایکـەرەوەی هەیـە لـە گۆڕەپانـی مێـژوودا، ئاراسـتەی ئـەم جوڵـە مێژووییـە لـە سـەرەوە نەبـوو بـۆ خـوارەوە، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە، پاڵنـەرە سـەرەکییەکانی ئـەم بزاڤـە لـە خوارەوەیـە، لـە نـاو

راستیی ژیانی مادیی مرۆڤەکاندایە، ئەنگلز سەبارەت بەمە نکۆڵی لەوە ناکات، کە هیگڵ دیدی مێژوویی لە سەروو سرووشتیی رزگار کرد و کردی بە میتۆدێکی دیالەکتیکیی، بەڵام ئەم دیدە لە بنەڕەتدا ئایدیالیستانەیە، کە ئەم روانگەیە لە مێژوودا فرێ دراوەتە دەرەوە، ماتریالیزم وەک شوێنگرەوە لە دایک بووە. (ئەنگلز، سۆشیالیزمی زانستی...، ٢٠١٨، ١٨٦). هەروەها مارکس و ئەنگلز لە رەخنە گرتنی دەربارەی میتۆدی مێژوویی ئەڵمانیا، بەوەی دابڕانێکییان لە نێوان سرووشت و مرۆڤ درووست کردووە، ئەم تێگەیشتنە بۆ مێژوو واتە پەراوێز خستنی پەیوەندیی و کارلێکیی سرووشت و مێژوو، کە ئەم لایەنە تەنها گرنگی بە بابەتە سیاسیی و ئاینییەکان ئەدەن، هەروەها بە هەمان شێوە بۆ پاڵنەرەکانی ئەم بابەتانەش ئەگەڕێنەوە بۆ هۆکارە سیاسیی و ئاینییەکان. پێیانوایە ئەمە دیارترین جۆریی خەسڵەتی ئەو مێژوونووسییەیە، ئەو تێگەیشتنە جەخت لەوە ئەکاتەوە، کە سیاسەت بە سیاسەت لێکدانەوەی بۆ ئەکرێت و پەیوەست نابێت بە هیچ لایەنێکی تری ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە. (Marx, and Angels, ٧٢). چونکە ماتریالیزمی مێژوویی بە سرووشت هەڵگری شێواز و میتۆدێکی رەخنەییە دەربارەی بونیادی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای ئابووریی کۆمەڵگا،(Corco, ٢٠١٢: ٣٠) . یاخود رێبازێکە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە کۆمەڵگا، ماتریالیزمی مێژوویی بە دوای هۆکارەکانی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەکەوێت، ئەو میتۆدە ئەوە دەرئەخات، کە مارکس پێی ئەڵێت (پێکەوەبوون)، بەو واتایە مرۆڤ وەک بوونێکی بە کۆمەڵ پێداویستیەکانی ژیانی بەرهەم ئەهێنێ، لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتییدا.(Wogu, ٢٠١٣: ٢٠). هەروەها (ئالان ودس و رۆب سیوێل) پێانوایە مارکسییزم بە شیوەیەکی گشتیی گرنگیەکی زۆر بە توێژینەوە مێژووییەکان ئەدات، تا بتوانن لە رێگەی کەشف کردنی پاڵنەرەکانی مێژوو، گۆڕانکاری داهاتووی کۆمەڵگە پیشبینی بکەن، هەروەک چۆن بەلشەڤیەکان لە سەرکەوتنیان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، سودیان لە کۆمۆنەی پاریس(٣) و رووداوەکانی رووسیای ساڵی ١٩٠٥ وەرگرت، لە رێگەی شیکارییان بۆ رووداوەکان، لە روانگەی ئەوان مارکسییزم بریتییە لە زانستیی گۆشەنیگاکان، بە بەکارهێنانی دیالەکتیکیی لە کردنەوەی گرێکانی نێو پرۆسەی گەشەی مێژوو.(ماتریالیزمی مێژوویی، ٢٠١٥، ١٥،١٦). زۆر جار ئەم رێبازە وەک رۆحێکی شۆڕشگێری بۆ گۆڕینی جیهان سەیر ئەکرێت، لە ژێر ناوی ماتریالیزمی مێژوویی. (Jossa, ٢٠١٦: ٣٩). واتە رێبازێکە تەنها ئەرکی راڤەکردن و تێگەیشتن نییە بۆ جیهان وەک تیۆرەیەک، بەڵکو میتۆدێکی پراکتیکیە.

لە راڤەی مارکسییزم دا چین و کۆمەڵ رۆڵێکی سەرەکی ئەبینێت لە بوونیادنانی کۆمەڵایەتییدا و هەروەها گۆڕان لە مێژوودا. ئەمەش پێچەوانەی میتۆدی باو و باڵادەستی ئەڵمانیایە، کە لە توێژینەوە مێژووییەکاندا، زۆر بە کەمی گرنگی بە چیین و کۆمەڵ دراوە، یاخود ئەم خەباتە چینیایەتییە وەک پەراوێز و پاشکۆی مێژوویی ئاین سەیر کراوە. (کۆمەڵێک نووسەر، (ئایدیالیزم)، ٢٠١٨، ٩٧). مارکس و ئەنگلز پێانوایە میتۆدی مێژوویی ئەڵمانی لە لێکدانەوەکانیان بە وەهمی سیاسیی و قازی و ئایدۆلۆژییەکان، بابەتەکان روون ئەکەنەوە، لە سەر خەون و خەیاڵ شرۆڤەکانیان دەربڕیووە، لەم بارەیەوە ئەڵێن›› مێژوونووس لەهەر سەردەمێکدا بێ راستەوخۆ ڕاکانیان قبوڵئەکات و لەو باوەڕەدایە کە هەرچی، ئەو سەردەمی وتوویەتی لەبارەی خۆیەوە راستە››(Marx and Angels, ٧٩). هێز و مەعریفە، دوو چەمکن بەردەوام کاریگەرییان بە سەر یەکترەوە هەیە، تەنانەت تیۆرەکەی میشێل فۆکۆ هێز و مەعریفە، (Power and Knowledge)،(٤) پەیوەستە بە تێگەیشتی هزری مارکس و ئەنگلز کاتێک ئەڵێن›› لە هەر سەردەمێکدا بین، چینی دەستەڵات خاوەنی بیروباوەڕە زاڵەکانن، ئەو چینەی خاوەنی هێزی

ماتەرییە، لەهەمان کاتدا خاوەنی هێزی مەعنەویشە››. (Marx and Angles, ٧٦) مارکس و ئەنگلز لە نامیلکەی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست، باس لە دەرکەوتنی هێزێکی نوێیان کردووە، کە وەک بوونیادێکی قووڵ لە مێژوودا رەگی خۆی داکوتیووە، ئەویش بریتییە لە خەباتی چینایەتی، سەبارەت بەوە ئەڵێن ‹‹مێژووی کۆی کۆمەڵگاکان تائێستا، مێژووی خەباتی چینایەتی بووە››(مارکس و ئەنگلس، ٢٠١٦: ١٥). ئەم تێگەیشتنە بۆ مێژوو مشتومرێکی زۆری بە دوای خۆیدا درووستکردووە، تەنانەت لە ناو مارکسییەکانیشدا بە دیدێکی رەخنەییەوە سەیری ئەم پرسەیان کردووە، دەربارەی ئەوە (تێری ئێگلتۆن) پێیوایە ئەو تێزەی مارکس و ئەنگلز لە نامیلکەی مانیفێستی پارتی کۆمینیستدا، بە مەبەستێکی سیاسیی و لە هەلومەرجێکی تایبەتمەند نووسراوە، کە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشەکانی ئەورووپا لە ساڵی ١٨٤٨. ئاماژە بۆ کۆمەڵێک نموونە ئەکات، کە رەنگە هیچ پەیوەندی بە خەباتی چینایەتیەوە نەبێت، وەک ئاگر کەوتنەوە گەورەکەی لەندەن لە ساڵی ١٦٦٦، کە زیاتر ماڵی حەفتا تا هەشتا هەزار دانیشتوانیی کردە خۆڵەمێش، پێیوایە ئەوە رووداوێکە هیچ پەیوەست نییە بە خەباتی چینایەتییەوە، ناوبراو مەبەستێتی بڵێت، تیۆرەی هەموو شتێک بە میتۆدێکی ئەبستراکت، رەنگە توشی لێکدانەوەی هەڵەمان بکات، لە هەمان کاتیشدا تێری ئەوە روون ئەکاتەوە کە مارکس مەبەستی لە رووداوە گشتیی ەکانە نەک رووداوە تایبەتییەکان، بەو واتایەی خەباتی چینایەتی بنچینەیترین هۆکارە لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا. (تێری ئێگلتۆن ، ٢٠١٦: ٧٠-٧٢). هەروەها خودی مارکس و ئەنگلز، ئەوە دیدە تاک رەهەندیە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو بەوەی مێژوو تەنها خەباتی چینایەتی بێت، رەت کراوەتەوە. ئەوان لە ساڵی ١٨٧٢ ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە پێویستە ئەم تێگەیشتنە جارێکی تر پێداچوونەوە و خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت، مێژوو کەمێک لەو شێوە رەهایە رزگار بکەن. (مارکس و ئەنگلز، ٢٠١٦، ٩)

زۆرجار سۆسیۆلۆژیستەکان کارل مارکس وەک بیرمەندێکی کۆمەڵناسی سەیر ئەکەن، بەوەی ناوبراو بە زۆری سەرەنجی خستۆتە سەر گۆڕانی کۆمەڵاییەتی، بە پشتبەستن بە پرۆسەکانی مێژوو لە قۆناغە جیاوازەکاندا. (هنری لۆڤیفرە) دەربارەی ئەمە ئەڵێت ‹ مارکسییزم وەک کۆمەڵناسێکی زانستیی هەڵگری ناوێکە، کە بۆتە ناوێکی نەریتی، ئەویش ماتریالیزمی مێژوویە››(کۆمەڵێک نووسەر، ماتریالیزم، ٢٠١٨: ٣٤٨)، بە هەرحاڵ ئەو تێگەیشتنە هیچ لەو راستییە کەم ناکاتەوە، کە مارکس یەکێکە لەو بیرمەندانە، کە هەوڵیداوە هێز و پاڵنەرەکانی مێژوو لە پێناو خوێندنەوە بۆ داهاتوو ئاشکرا بکات. دەربارەی ئەوەی ئایە مارکس بانگەشەیەکی وەهای کردووە لە بە یەکەوە بەستنی یاسا سرووشتییەکان و کۆمەڵایەتیەکان؟ (تێری ئیگلتۆن) زۆر بە راشکاوانە ئەو دیدە رەت ئەکاتەوە، بەوەی یاسا سرووشتییەکان وەک کۆپییەکی بێ گرفت لە سەر ژیانی کۆمەڵ جێبەجێ بکرێت، بەڵکو پێیوابووە لە رووی بابەتییەوە بۆشایەک یاخود دژیەک لە نێوان سرووشت و ژیانی واقیعی کۆمەڵایەتی درووست ئەبێت، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات، کە هیچ بەڵگەیەک و ئاماژەیەکی روون نییە، بۆ ئەوەی مارکس وەک فەیەسوفێکی جەبرگەرا لەقەڵەم بدەین، ناوبراو پێیوایە ئەوەی هەیە بریتییە لە نەریتیی هزری مارکسییزم ، کە ناویان دەنێت ‹‹فەندەمێنتالیستە مارکسیەکان››. (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦: ٩٢، ٩٣). هەروەها (کریس هارمەن) یەکێکی ترە لە راڤەکارانی هزری مارکسییزم ی نوێ بە هەمان شێوە دیدی تاقانەی یاسای ماتریالیزمی بۆ تێگەیشتن لە مێژوو رەت ئەکاتەوە، ناوبراو پێیوایە وەک چۆن تیۆری هەڵەی زانستەکانی کیما، فیزیا و بایلۆژی هەیە، بە هەمان شێوە هەوڵی نادرووست هەن بۆ گەشە پێدانی خوێندنەوەی کۆمەڵگە، دەربارەی ئەمە ئەڵێت›› گۆڕینی ئایدیالیزم بۆ ماتریالیزم بەمانای گۆڕینی خورافە بۆ زانست دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

سەرجەم لێکدانەوەکانی ماتریالیزمی ڕەفتاری مرۆڤ دروست نین››( ئایدیالیزم، ٢٠١٨: ٣٩٣). کریس هارمەن بە پێچەوانەی مارکسییە نەریتییەکان ، ماتریالیزم بە تاکە میتۆدێک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرجەم ژیانی مرۆڤ نازانێت، هەروەها (محەمەد کەمال) زۆر بە بەرفراوانی و دژی یەکێتی پەیوەندی نێوان دیالەکتیکی سرووشت و مرۆڤە، ئەگەر چی ئەو جوڵە و پەرەسەندنی هیچ کامێکیان، وەک پرۆسەیەکی دیالەکتیکی ڕەت ناکاتەوە، بەڵام پارێزگاری لە تایبەتمەندیی نێوانیان ئەکات، لە هەمان کاتدا کاریگەریی و بەریەککەوتنی سرووشت و مرۆڤ، کە مرۆڤ خۆشی بەشێکە لە سرووشت بە راستییەک دەزانێت، بەڵام کورتکردنەوەی هزری مارکس لە تاقانەی ئابووریی بۆ لێکدانەوەکان ڕەت ئەکاتەوە. (محەمەد کەمال، ٢٠١٩: ٣٠٠-٣٠٥). لە بەرامبەر ئەمەدا، (پودوستینیک و سیبزکین) لە ژێر کاریگەریی هزری (مارکسییزم -لینینییزم)، پێیوایە ماتریالیزمی مێژوویی واتە جێبەجێکردنی سەرجەم بیروباوەڕە سەرەکییەکانی ماتریالیزمی دیالەکتیکی بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی، ناوبراو یەکێتی توندوتۆڵی نێوان هەردوو ماتریالیزمەکە وەک فەلسەفەی گشتگیری مارکسییزم لە قەڵەم داوە. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٧: ١٨١) لە ئێستادا ئەم دیدە بۆ تێگەیشتن لە مارکسیی بە هزرێکی نەریتیی و پاشکۆی ئایدۆلۆژیای سۆڤییەت ئەناسرێت. ئەتوانیین بڵێین ماتریالیزمی مێژوویی وەک پێکهاتەیەکی ئۆرگانی سودی لە میتۆدە سرووشتییەکان وەرگرتووە، لە هەمان کاتدا هەر جووڵەیەک و گۆڕان و پەرەسەندنەکان لە دەرەوەی ویستی مرۆڤ بە شێوەیەکی میکانیکی ڕەت ئەکاتەوە، ئەوە ماتریالیزمی دیالەکتیکییە پاڵ بە ماتریالیزمی مێژووییەوە ئەنێت، کە بە شێوەیەکی دیالەکتیکانە بڕوانێتە مێژوو، لەوێدا سەرچاوەی سەرەکی بزاڤی مێژوو لە هەلومەرجە ئابوورییەکاندا لێکدانەوە و تێگەیشتنی خۆی بوونیاد بنێت. بە گشتیی ماتریالیزمی مێژوویی، چەند تایبەتمەندیی و ئارگۆمێنتیی جیاواز لە خۆی هەڵدەگرێت، کە ئەکرێت لە سەر ئاستی چەند لایەنێک بخەینە روو:

## یەکەم/ ناچارێتیی مێژوویی (حەتمەییەتی مێژوویی)

پرسێکی تر لە ناو هزری مارکسییزم ، کە رووبەڕووی قەیرانێکی ترمان ئەکاتەوە، بریتییە لە مشتومڕی ناچارییەتی مێژوو (حەتمییەتی مێژوویی)، ئەم پرسەش خۆی لە ڕەنگدانەوەی یاسا سرووشتییەکان بە سەر کۆمەڵدا سەری هەڵداوە، بەو پێیەی یاسا سرووشتییەکان زیاتر مەیلیان بەلای (جەبر) و ناچارییەتدایە، بە هەرحاڵ لێرە کۆمەڵێک پرسیار گەڵاڵە ئەبێت، ئایە مێژوو خۆی هەڵگری خەسڵەتێکە لە دەرەوەی ئاگامەندی و ئیرادەی مرۆڤ، کە کار لە سەر گۆڕینی خۆی ئەکات؟ یاخود بە پێچەوانەوە ئەوە مرۆڤە بە ئاگامەندییەوە ئەچێتە ناو پرۆسە و قۆناغەکانی مێژوو؟ تێری ئێگلتۆن سەبارەت بەم پرسە بەشێک لە مارکسییەکان تۆمەتبار ئەکات، بەوەی جەبرگەرایی و ناچەرییەتی جووڵەی مێژووییان خستۆتە ناو فەلسەفەی مارکسییزم ، ناوبراو پێیوایە ئەوە مرۆڤەکانن لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە چینایەتییەکانیان مێژووی خۆیان دروست ئەکەن، هەروەها ئاماژە بە دەربرینێکی کارل مارکس ئەکات و ئەڵێت››مێژوو هیچ ناکات، هیچ سامانێکی زۆر و زەوەندی نیە، هیچ جەنگێک بەرپا ناکات. ئینسانە، ئینسانی زیندووی واقیعی، کە دەست بۆ هەموو ئەو کارانە دەبات، دارایی کۆئەکاتەوە و دەجەنگێت، مێژوو کەسێکی دابڕاو و گۆشەگیر نیە، کە مرۆڤ بکات بە ئامانجی خۆی، مێژوو هیچ نیە جگە لە چالاکی ئینسانی کە بەدوای ئامانجەکانی خۆیدا دەکەویت››. (تێری ئێگلتۆن، ٢٠١٦، ٩٠، ٩١)، هەروەها محمد کەمال پێیوایە بیریار و نوسەرانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو،

هەوڵیان داوە ئەو تیگەیشتنە لە ناچاریتیی مێژوو و دیدگای تاقانەی ئابووریی بخەنە پاڵ مارکسیی،(محمەمەد کەمال، ٢٠١٩: ١٨٦)، ئەگەر چیش هەندێ جار مارکس زۆر رادیکالانە بە پێداگرییەوە باس لە کاریگەریی ئابووریی، لە سەر رەنگدانەوەی رەفتاری کۆمەلایەتی و چینایەتی کۆمەڵگە کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو ویست و چالاکی ئاگامەندانەی مرۆڤ بە خاڵێکی گرنگ ئەزانێت، بانگەشەکردن بۆ خەباتی چینایەتی، یەکگرتوویی کرێکاران وشیاربوونەوەیان لە بەرامبەر ئەرک و مافەکانیان، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە مارکس هەموو گۆڕانێکی حەتمی رەت ئەکاتەوە، هەروەها ناوبراو مرۆڤ و چالاکیەکانیان کورت ناکاتەوە لە تاکێکی دابڕاو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو مرۆڤ بە بوونەوەرێکی کۆمەلایەتیی پێناسە ئەکات(Marx, ١٩٧٧, ١٨٢,١٨٣). هەروەها لە شوێنێکی تردا مارکس زۆر راشکاوانە باس لە رۆڵ و کاریگەریی مرۆڤ کردووە، دەربارەی توانای ئەنجامدانی چالاکی و گۆڕانکاریی، کە پێیوایە مرۆڤ ئەتوانێت ژینگە لە پێناو خۆی بگۆڕێت، ئەمەش بەرهەمی ئاگامەندی مرۆڤە.(Marx and Engels, ٢٠٢٢/١٠/٢٩). تەنانەت ئەنگلز دەربارەی ئەمە لە رەت دانەوەی تێزەکانی ئانتی دورینگ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هەر سیستەمێکی مەعریفی سەبارەت بە سرووشت و مێژوو، کە بە شێوەیەکی گشتگیرانە شرۆڤە بکرێت، ئەوە بە تەواوەتی دژی بیرکردنەوەی دیالەکتیکییە، واتە ناتوانرێت بانگەشەی حەقیقەتێکی رەها بکرێ.(ئەنگلز، ئانتی دورینگ...، ٢٠١٨، ٢٩). ئەم مشتومڕەی سەرەوە لەو گرفتانەمان رزگار ئەکات، دەربارەی ئەوەی ئایە ئەو رەخنەنانەی ئاراستەی مارکسییزم ئەکرێت، سەبارەت بە پرسی جەبرگەرایی و ناچاریتی، لە کوێیەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەبێت ئەو جیاوازییە لە بەرچاو بگرین لە نێوان مارکس وەک خۆی و هەروەها راڤەکاران و پەیڕەوانی هزری مارکس، کە ئەوەی دووەمیان لە ناو گوتاریی مارکسییزم دا خۆی دەر ئەخات، چەمکی ناچاریتیی لە دەرەوەی ویست و هۆشیاریی مرۆڤ ئەچێتە چوارچێوەیەکی میکانیکیی، ئەمەش پێچەوانەی تێزەکانی مارکسییە لە بنەڕەتدا، چونکە لە چەندین شوێندا لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلز جەخت لە سەر خەبات و وشیاربوونەوەی مرۆڤیان کردووە.

## دووەم/ دیالەکتیکیی ژێرخان و سەرخان

دیالەکتیکیی ژێرخان و سەرخان یاخود هۆ و ئەنجام، لە راڤەکردنی هەر دیاردەیەکی ئابووریی و کۆمەلایەتی و سیاسییەوە، لایەنێکی گرنگی هزری مارکسییزم ە. ناکۆکییەکان و جیاوازیی ژێرخانی ئابووریی و سەرخانیی کۆمەلایەتی و سیاسیی لە فەلسەفەی مارکسییزم  و یاخود لە چوارچێوەی ماتریالیزمی مێژووییدا، وەک دوو لایەنی تەواوکەری یەکتر خۆی دەر ئەخات، واتە ناکرێت ژێرخان و سەرخان بە دوو بابەتی جیاواز دابڕاو لە یەکتر بخوێنینەوە، چونکە لە هەر دیاردەیەک و رووداوێک رووبەڕووی هۆکار و ئەنجام دەبینەوە، پەیوەندی نێوانیان شێوەیەکی ئۆرگانیی و دوو جەمسەرییە، ئەگەر میکانیزمی بەرهەمهێنان و ئابووریی هۆکارێک بێت بۆ گۆڕانکاریی و جیاوازیی، ئەوا لە بەرامبەردا سەرخان لە وەلامدانەوە هەڵوێست وەرئەگرێت، ئەوەش پێی ئەووترێت کارلێکی نێوان ژێرخان و سەرخان.(Marx, ١٩٩٢, ٣٥٠,٣٥١) هەروەها زۆرجار رەخنە ئاراستەی مارکسییەکانی یەکێتی سۆڤییەت ئەکرێت، بەوەی کاتیگۆری نێوان سەرخان و ژێرخان وەک دوو چەمکی دژ بە یەک لە سەر بنەمای هۆکاری داناوە، کە هەمیشە سەرخانەکان ملکەچی بڕیارەکانی ژێرخان ئەبێت، کە ئەمەش پێچەوانەی دیالەکتیکیی نێوانیانە. (محمد کەمال، ٢٠١٩، ٢٠٢) ؛ (پودوسیتنیک و یاخوت، پودوسینتیک و سبیزکین، ٢٠٠٧، ٢٠٦). ئەنگلز دەربارەی ئەمە پێیوایە، هۆ و ئەنجام بە بەردەوامی شوێنی خۆیان ئەگۆڕنەوە، واتە هۆکار

لـە کات و هەلومەرجێکـی دیاریکـراودا هـۆکارە، ڕەنگـە لـە بارودۆخێکـی تـر ببێتـە ئەنجام و پێچەوانەکەشـی ڕاستە. (ئەنگلز،سۆشـیالیزمی زانسـتیی...، ۲۰۱۸، ۱۷۲)، ئەکرێـت ئـەم تێگەیشـتنەی ئەنگلـز بـە نموونەیەکـی زیندوو پشـت ڕاسـت بکەینـەوە، لـە ئەنجامی کۆتایی جەنگـی یەکەمـی جیهـان و شکسـتی وڵاتانـی تـەوەر لـەو جەنگـە، کۆمەڵێـک کۆنگـرە و پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی بەسـتران، ئـەو پێشـهاتانە لـە ئەنجامـی جەنگەکـەوە درووسـت بـوون، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا بڕیارەکانـی ئـەو سـەردەمە بـە تایبـەت سـزا قورسـەکانی هاوپەیمانـان بـە سـەر ئەڵمانیـا و وڵاتانـی دۆڕاو، بـووە هۆکارێک بـۆ سـەرهەڵدانی جەنگیـی دووەمـی جیهـان. واتـە سـەرەتا وەک ئەنجـام دەرکـەوت دواجـار وەک هـۆکار.

## سێیەم/ پەرەسەندن و قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵ

هێـز و پەیوەندەییەکانـی (بەرهەمهێنـان)، وەک ڕاسـتییەکی نـوێ سـەرجەم مێـژووی ڕابـردووی مرۆڤایەتـی خسـتە ژێربـاری توێژینـەوە، کـە بەشـی هـەرە زۆری ململانێـکان و گۆڕانـەکان بەرهەمـی پەیوەنـدی ئاڵوگۆڕیـی و شـێوە و هێزەکانـی بەرهەمهێنانـەوە بـووە، (کریـس هارمـەن) پێیوایـە، گۆڕانکاریـی لـە شـێوازیی کارکردنـی مـرۆڤ لەگـەل یەکـتردا، لەپێنـاو دابینکردنـی خـۆراک و جلوبـەرگ و شـوێنی مانـەوە بـووە، لـەم ڕێگایـەوە سـەری کێشا بـۆ ڕێبـازی ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـە و ئاراسـتەی مـرۆڤ، کەشـف کردنـی نهێنیی گۆڕانیـی کۆمەڵاییەتـی و مێژوویـی لەلایـەن هـزری مارکسـییزم ەوە ئەنجامـدرا، کـە پێشـتر ئەمـە نەکـرا بـوو، واتـە کلیـلی تێگەیشـتن لـە گۆرانکاریـی مێـژووی کۆمەڵگـە، پشـت بـە تێگەیشـتنی چۆنێتیـی مامەڵـەی مـرۆڤ لەگـەڵ مـرۆڤ و پەیوەندییەکانی ئەبەسـتێت. (ئایادیالیـزم، ۲۰۱۸، ۳۸۱) ؛ (کریـس هارمـەن، ۲۰۱۷، ٤٠). لـە ژیانـی کارکـردن دا، ئامێرەکانیـی بەرهەمهێنـان ئەگۆڕدرێـت، بەمـەش مـرۆڤ بـە خـۆی و هۆشـمەندییەوە ئەگۆڕدرێـت و هەمـوو ڕژێمیـی ئابووریـی گۆڕانکاریـی بـە سـەر دا دێـت، بـەم شـێوەیە تـەواوی پەیوەندییەکانـی مـرۆڤ سـەر لـە نـوێ بە فۆڕمێکـی جیـاواز دائەمەزرێتـەوە، تەنانـەت دام ودەزگا و بیـر و باوەڕ و ڕەوشـتیش وەک بوونێکـی جێگـر و نەگـۆڕ نامێننـەوە، بـەردەوام لەگـەڵ شـێوەکانی بەرهەمهێنـان گۆڕانییـان بـە سـەردا دێـت. (پودوسـیتنیک و یاخـوت، پودوسـینتیک و سـبیزکین، ۲۰۰۷، ١٩٤)، هـەر وەک پێشـتر باسـکرا، خاڵـی سـەرەکیی میتـۆدی دیالەکتیکیی مارکسـیی جەخـت لـە سـەر بابەتـە گشـتیی یـەکان و مۆدیـی بەرهەمهێنـان ئـەکات و هەروەهـا ڕەخنەشـی لـە ڕاڤەکارانـی پێـش خـۆی گـرت، بـەوەی کـە شکسـتیان هێنـاوە لـە بیرۆکـەی شـێوەی بەرهەمهێنـان، کـە بـە شـێوەیەکی سـادە و سـاکار هەوڵیـان داوە بـۆ ڕازیـی کردنـی سـەرمایەداریی بابەتەکـە ڕاڤـە بکـەن.(Jossa, ۲۰۱٦: ۲۸) هەمـوو ئەوانـەی سـەرەوە لـە فەلسـەفەی مارکسـییزم دا، پێـش مەرجـی گۆڕانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـییە، هەروەهـا گەشـە و پەرەسـەندنی مێـژوو لـە سـەر ئـەو بنەمایانـە داڕێـژراوە، بـە شـێوەیەکی گشـتیی قۆناغبەنـدی مێژوویـی لای مارکسـیی پەیوەسـتە بـە گۆڕانـە ئابوورییـەکان. کـە هـەر قۆناغـە و کۆمەڵێـک تایبەتمەندیـی و سـیمای جیاوازیـی بـە خـۆی هەیـە و هـەر قۆناغێکییـش لـە ئەنجامیـی ڕەتکردنـەوەی سـەردەمی پێشـخۆی لـە دایـک بـووە. مارکسـییزم بـە بەکارهێنانـی ئـەو میتۆدۆلۆژیـە پرۆسـەی بەریەککەوتـن و گەشـەی قۆناغەکانـی مێـژوو ئەخاتـە ڕوو:

### ١. کۆمۆنی سەرەتایی

لـە نـاو زۆربـەی توێژینـەوە ئەنترۆپۆلۆجییـەکان و ئارکۆلۆژییسـتەکان، بـە توێژینـەوە مێژووییەکانیشـەوە، لـە سـەر ئـەوە کۆکـن، کـە چەندیـن هـەزار سـاڵ پێـش ئێسـتا مـرۆڤ لـە ژیانێکـی سـەرەتایی بـە بـێ بوونـی دام و دەزگا و دەوڵەتـەوە ژیانـی بـە سـەر بـردووە. ئـەو قۆناغـەش بـە قۆناغـی پێـش مێـژوو دانـراوە، واتـە ئـەو کاتـەی مێـژوو

مێژوونووسی نەبووە، یاخود نووسیین دەرنەکەوت بوو، دەربارەی پەرەسەندنەکان لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا، بە چەندین رەهەند و میتۆدی جیاوازەوە هەوڵدراوە لێکۆڵینەوە لە نهێنیی گۆڕانەکاندا بکەن، لە ناوییاندا هزری مارکسییزم بە شێوەیەکی بەرچاو لە رێگەی توێژینەوەکانیان هەوڵیان داوە هۆکار و پاڵنەرەکانی جووڵەی مێژوو شرۆڤە بکەن، بەرهەمەکەی ئەنگلز (بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت) وەک گرنگترین سەرچاوەی هزری مارکسییە دەربارەی ژیانی سەرەتایی مرۆڤ، هەڵبەتە لەمەش (هێنری مۆرگان)(٥) بە یەکەمیین سەرچاوە دائەنرێت، کە لێکۆڵینەوەی دەربارەی کۆمەڵە و هۆزە سەرەتاییەکان کردووە، ئەنگلز لەم بارییەوە ئەڵێت›› مۆرگان یەکەمین کەس بوو بە لێزان و زرینگی سیستەمێکی بۆ مێژووی سەردەمی پێش مێژووی مرۆڤایەتی دارێژێت›› (ئەنگلز، بنەچەی خێزن...، ٢٠١٧، ٤٣).

سیما و خەسڵەتەکانی ئەم قۆناغە، شێوەیەکی سەرەتایی بووە، ئامراز و کەرەستەکانیان وەک (بەرد، دار)یان بۆ دروستکردنی چەقۆ و کەلوپەلەکان بە کارهێناوە، بە شێوەیەکی یەکسان کار و بەرهەم دابەش کراو بووە(Historical Materialism, ١٩٩٥, ٥). هەروەها خاڵێکی تر لەو قۆناغە دەسەڵات لە ژێر هەژموونی (مێ) دا بووە، واتە زۆرجار ئەو قۆناغە بە سەردەمی هێزی دایکسالاری ئەناسرێتەوە، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنەکانی شێوەی بەرهەمهێنان گۆڕانکاریی لە ژیانی مرۆڤ، دەسەڵات کەوتە دەستی پیاو، ئەنگلز دەربارەی ئەو گۆڕانە پێیوایە، شکستی دەسەڵاتیی دایکسالاری، شکستێکی مێژوویی جیهانی بوو بۆ رەگەزی مێینە بە گشتیی .(ئەنگلز، بنەچەی خێزان...، ٢٠١٧، ١٠١). هەروەها چەند خەسڵەتێکی تری ئەو قۆناغە بریتیی بوو لە نەبوونی موڵکدارێتی تایبەت، دابەش کردنی بەرهەم و دەستکەوتەکان لە ناو کۆمەڵ بە سرووشت یەکسان بووە، لەبەرئەوەی موڵکدارێتی نەبووە، جیاوازی و ململانێی چینایەتییش نەبووە، بەرهەمەکانیش بەپێی پێداویستی بووە، واتە قۆرخکردن و گلدانەوەی بەرهەمەکان نەبووە.(٧)

کۆتایی قۆناغی کۆمونەی سەرەتایی، پەیوەستە بە وەچەرخان لە ژیانی مرۆڤ و دۆزینەوەکانی کار و پیشکەوتنی کاریی پیشەیی، یاخود هۆکارەکانی زیادبوونی بەرهەم، زەمینەی دەرکەوتنیی دەستگرتن و مۆنۆپۆلکردنی بەرهەم لەلایەن گروپێکەوە دەرکەوت، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە خێڵەکان لە سەر خاوەندارێتیی تایبەت بکەونە شەڕ و ململانێیەوە، (کریس هارمەن) دەربارەی هۆکاری شکست و کۆتایی کۆمەڵگەی سەرەتایی، پێیوایە سەرەتا لە بەرژەوەندی هەموان بوو، کە گرووپێک بەرپرسیارەتیی سامانی زیادە بگرێتە ئەستو، بەرهەمەکان لە مەترسییەکانی سرووشت بپارێزێت، تەنانەت دەسەڵاتی ئەنجامدانی کاری ئاڵوگۆڕیشی هەبێت، لەو سەردەمەیە کە نووسیین لە دایک بووە، بە مەبەستی تۆمارکردنی بەرهەم و کاڵاکان لە شێوەی هێما یاخود ژمارە، ناوبراو ناو لەو قۆناغە ئەنێت (شارستانی)، کە لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمای زیادە بەرهەم لە دایك بووە، ئەو کەمینەی کە رۆڵی بەرپرسیارەتی پاراستنی بەرهەمەکانی پێبەخشرا بوو، دواجار لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێنا و لەو رێگەوە جڵەوی دەسەڵاتیان بە دەست هێنا، هەروەها یاسا و رێساکان لەلایەن ئەو کەمینەوە دانران و لە سەر کۆمەڵگەیان جێبەجێ کرد.(کریس هارمەن، ٢٠١٧، ٤٩).

لە فەلسەفەی مارکسییزم دا پەرەسەندنەکانی مێژوو بە چەندین شێوەی جیاوازەوە دەرئەکەوێت، ئەو جیاوازییانە ئەگەر خاڵی دابڕان بێت لە قۆناغبەندیی مێژوویی، بەڵام لە هەمان کاتدا بەو واتایە نایێت کە سەردەم و قۆناغەکان هیچ پەیوەندییەکان بە سەر یەکەوە نەبێت، بەڵکو ئەنجامی بەریەککەوتن و ململانێی نێوانیانە. لەوەی قۆناغێکی نوێ لە دایک بێت، وەک چۆن کۆتایی کۆمونەی سەرەتایی پەیوەستە بە سەرهەڵدانی شارستانێتی یاخود کۆیلایەتی، هەموو ئەو گۆڕانانە لە ناو پرۆسەیەکی بەردەوامی رەت کردنەوە دایە کە خاڵێکی گرنگی مارکسییزم ە.

## ٢. کۆیلایەتی

پێشکەوتن و گۆڕان لە ژیانی ئابووریی مرۆڤ، گۆڕانکاریی لە شێوە و چۆنێتیی پەیوەندییەکانی کۆمەڵ درووست کرد، کۆمەڵگەی بێ چینی سەرەتایی بە کودەتای شێوەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیی و هێزی بەرهەمهێنانەوە کۆتایی پێهات و سەردەمێکی نوێ لە مێژوودا لە ژێر ناوی کۆیلایەتی یاخود شارستانێتی لە دایک بوو. سەردەمی ژیاریی بە پێی ڕووداوەکانی پێشوتر، بریتییە لە قۆناغی پەرەسەندنی کۆمەڵگە، واتە لەگەڵ لە دایکبوونی شارستانێتی گەورەترین دابەش بوونی کۆمەڵگە، بریتی بوو لە چینی ستەمکار و چینی ستەمدیدە، هەروەها ئەنگڵز پێیوایە ‹‹بناغەی دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ چینەکان بریتییە لە دابەشکردنی کار›› (ئەنگڵز سۆشیالیزمی زانستیی...، ٢٠١٨: ٢٥٣)، ئەو دابەش بوونە لە کۆیلاتیەوە تا سەردەمی نوێ قووڵتر بووەتەوە، لە کۆیلایەتی کلاسیکەوە بۆ کرێگرتەی کار، یەک جەوهەرن لە ناو چەندین شێوەی جیاواز، ئەنگڵز بە کۆیلایەتی ئاشکرا لە سەدەکانی کۆن و کۆیلایەتی شاراوەی سەدەکانی ناوەڕاست و کۆیلایەتی پەردەپۆشکراوی سەرەدمی مۆدێرنە پێناسەیان ئەکات(ئەنگڵز، بنچەی خێزان...، ٢٠١٧، ٢٩١،٢٩٤). هەروەها لینین بە هەمان شێوە پێیوایە، لە ناوهەریەک لە قۆناغەکانی شارستانێتی کۆیلە بوونی هەبووە، لە ژێر چەندین ناوی جیاواز، لە کۆیلەی کرێی زەوییەوە بۆ کرێی کاری سەردەمی دەسەڵاتی بۆرژوازێتی. (لینین، بەرگی پێنجەم: ٢٠٢٢، ٥٢) لەم ڕوانگەیەوە سەرهەڵدانی چینەکان بە تەواوی دەرکەوت، هۆکارە سەرکیەکەش وەک ڕاستیی لە بنەما ئابوورییەکاندا سەری هەڵداوە، لێرەیەوە هێزەکانی داگیرکەر بڕیار ئەدات چۆن بەرهەمهێنان بە سەر لایەنی داگیرکراو دابەش بکرێت، ئەمەش بنەڕەترین خاڵی وەچەرخانە لە درووست بوونی سیستەمی کۆیلایەتی. (Marx and Angles: ١٩٩٨, ١٢) ئەنجامدانی ڕێکخستنی کار لە کشتوکاڵ، پیشەسازیی و بازرگانیی لەلایەن گروپێکی دیاریکراوە شێوەکانی جیاوازی (پیاوسالاریی، کۆیلەیی و چینەکان) دیاری ئەکات (Marx and Angles: ١٩٩٨, ٣٨). هەروەها لایەنێکی تری گرنگ لە گۆڕانی قۆناغێک بو قۆناغێکی تر و دابەش کردنی کار، بریتییە لە جیاکردنەوەی کاری جەستەیی(فیزیکی) و کاری فیکریی (مەعنەویی)، هاوشێوەی جیابوونەوەی لادێ و شارە، وەک مارکس و ئەنگڵز ئاماژەی پێ ئەکەن، تێپەڕبوونە لە بەربەرییتییەوە بۆ شارستانێتیی، لە خێڵەوە بۆ دەوڵەت، ئەمەش بەرهەمی مۆد و هێزەکانی ئابوورییە(Marx and Angels: ١٩٩٨, ٧٢).

لە دایکبوونی کۆیلایەتی پێشکەوتنێکی گەورە بوو بەراود بە سەردەمەکەی پێش خۆی، لەو سەردەمەدا ژیانی ئاژەڵیی گۆڕا بۆ مرۆڤایەتی، هەروەها بە بێ کۆیلە ئەستەم بوو گەشەسەندنی جیهانی کۆن لە دایک بووایە، بەو واتایەی بە بێ کۆیلە (دەوڵەت، هونەر، زانست) بوونی نەئەبوو، هەروەها لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی ئەم قۆناغە، بەڵام لە هەمان کات دا دەستکەوتە کلتوورییەکانی میسری کۆن و بابلی و یۆنان و ڕۆمانی کۆن، کە توانییان مەعریفەی زانستیی بۆ پێگەیەکی باڵاتر بەرز بکەنەوە، کە تا ئیستا ئەو کاریگەرییەی خۆی هەرماوە، بەدی بێت.(ئەنگڵز، ئەنتی دورینگ...، ٢٠١٨، ١٨٨،١٩٩) ؛ (ئالان و ڕۆب، ٢٠١٥: ٣٤) کۆتایی قۆناغی (کۆیلایەتی ئاشکرا) بە پێی وتەکەی ئەنگڵز، هاوکاتە لەگەڵ کۆچکردنی هۆزە جەرمانەکان بۆ ناو ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم، کە بووە لاواز بوون و لە ناو چوونی کلتووری کۆن، وەک ئالان و ڕۆب ئاماژەی پێ ئەکەن ‹‹ئەوە نیشانەی ئەنجامی کۆتایی شارستانێتییێک بوو، کە خۆی لە سەرەمەرگدا بوو››(ئالان و ڕۆب، ٢٠١٥: ٣٤).

### ٣. فیودالیزم

پەرەسەندنی خاوەندارێتی تایبەت، بە تایبەت موڵکایەتی زەویی، گرنگترین سیمای سەرهەڵدان و لە دایکبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتییە. لەو قۆناغە دا زەویی گرنگترین سەرچاوەی ئابووریی کۆمەڵگا بوو، ئەو قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی کشتوکاڵ، سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاست و کۆتایی دەسەڵاتی ڕۆمای کۆن و هاتنی هۆزە جەرمانەکان، شێوەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی درووست بوو، هێزەکانی ئابووریی لەو سەردەمە گۆڕانکارییان بە سەر دا هات، گوتاری سیاسیی و ئاینیی پاشا و پاپا لە ڕێگەی دەستگرتن بە سەر هێزەکانی بەرهەمهێنان، بناغەی سیستەمی دەربەگایەتی بوونیاد نا. لە ڕێگەی بەخشینی زەویی بە سەر خانەدانەکان. مارکس و ئەنگلز لەو بارەیەوە پێیانوایە، ڕووخانی ڕۆما و هاتنی بەربەرەکان بووە هۆی لاواز بوونی هەندێ لایەنی ئابووریی بە تایبەت پیشەسازیی و پاشەکشەی بازرگانیی، هەروەها لەو قۆناغەدا شارەکان بەرەوە داتەپین چوون، گوندەکان بوونە چەقی ژیانی کشتووکاڵ و ئابووریی کۆمەڵ، بەو وەرچەرخانەش شێوی کۆمەڵایەتی لە نێوان سەدەکانی کۆن و ناوەڕاست گۆڕانکاریی بە خۆیەوە بینی(The German Ideology: ٣٩,٤٠). هەروەها شێوەیەکی تری ژیانی کۆمەڵایەتی لەو قۆناغەدا، بریتی بوو لە سەرهەڵدانی دیاردەی پەلامار و هێرش بۆ سەر ناوچە و گوندەکانی سەر یەکتر، ئەمەش بۆ زیاتر دەستگرتن بوو بە سەر زەویی، لەو ڕێگەیەوە خاوەندارێتی فیودالیزمی لە سەر بنەمای داگیرکردنی زەویی پەرەی سەند. (ئالان و روب، ٢٠١٥: ٣٥،٣٦).

### ٤. سەرمایەداریی

پەرەسەندنی چینی ناوەراستیی کۆمەڵگا، بەرامبەر بە فیودالیزمی و سەرهەڵدانی ململانێی نێوانیان، بە تەنها بەریەککەوتن و ناتەبایی فیکریی نەبوو، بەو واتایە ململانێی ئایدیاکان نەبوو بە تەنها، بەڵکو بریتیی بوو لە وەرچەرخان لە ژیانی ئابووریی و شێوازەکانی بەرهەمهێنان، واتە ئەوە مۆد و هێزەکانی بەرهەمهێنانە، کە شێوەی کۆمەڵایەتی و ململانێی چینایەتی درووست ئەکات، نەک بە پێچەوانەوە. لە ناو هزری مارکسییزم دا، لە سیستەمی سەرمایەداریی، جیاوازیی چینایەتی ئەگاتە دوا قۆناغی کامڵ بوونی خۆی، بەوەش خەباتی چینایەتیش لە بەرەبەردا ئەگاتە بەرزترین ئاستی خۆی، ئەمەش دەرگایەکی تر بە ڕووی کۆمەڵێک کاردانەوەی تر ئەکاتەوە، کە سەرەکیترینیان بریتییە لە هەوڵدان بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو قۆناغە و بە ئامانجی دەستەبەرکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی. (ئیگڵتۆن) پێیوایە سەرهەڵدانی سەرمایەداریی واتە لە خاوەندارێتی تایبەتەوە لە قۆناغەکانی پیشووتر بۆ خاوەندارێتی زیاتر، لە بەرهەمی زەویی کشتوکاڵییەوە بۆ سەرمایەی پیشەسازیی،(تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦: ٧١). هەروەها مارکس دەربارەی تێپەڕین لە فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداریی، بە چەند هەنگاوێک و شێوەی جیاواز ئەو قۆناغە راگواستەمان بۆ روون ئەکاتەوە، ناوبراو بە گۆڕان لە سەرمایەداریی بازرگانیی بۆ سەرمایەداریی پیشەسازیی وەک هەنگاوی یەکەمی ئەو پەرەسەندنە لەقەڵەم ئەدات، ئینجا گۆڕینی بەرهەمهێنەری بچووک بۆ پیشەی بەرفراوان و سەربەخۆتر، وەک دوا قۆناغی لاواز بوونی فیودالیزم ئەبینێت. (مارکس، ٢٠١٥: بەرگی ٣).

دەرکەوتنی ئەو قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ داهێنانی سیستەمی بانکی و پێشکەوتنی شار و کار و پیشەسازیی بە گشتیی ، ئەو وەرچەرخانە بە شێوەیەکی لە سەرخۆ و هێواش سیستەمی دەربەگایەتیی لاواز کرد، پێچەوانەی سەدەکانی ناوەراست کۆچی لێشاوی گوندەکان بۆ شارەکان دەستی پێکرد، واتە هەڵاتنی جوتیار لە کێڵگەی

دەربەگ و بۆ کرێکاریی لە کارگە و کۆمپانیا پیشەسازییەکان. هەروەها کۆتاییەکانی سەدەی پازدە و سەرەتای سەرهەڵدانی گەشتە دۆزینەوە جوگرافییەکانی (کۆڵۆمبۆس و ڤاسکۆ داگاما)، کە بناغەیەکی نوێی بۆ داگیرکاری بە مەبەستی دەستگرتن بە سەرچاوە ئابوورییەکان دروست کرد، ئەمە وای کرد پاشا و دەوڵەت بکەونە ژێر کاریگەریی چینە تازە لە دایکبووەکەی بورژوازییەت، لێرەوە سەرەتای پاشەکشە و مەرگی فیودالیزم لە ناو دەوڵەت و کۆمەڵگە بە دەرکەوت. (ڕۆب و سیوێل، ٢٠١٧: ٤٥-٤٨) تەنانەت ریفۆرمی ئاینی لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم، لە لایەن پرۆتستانتەکانەوە بە بناغەی دارشتنی سیستەمی سەرمایەداریی لەقەڵەم ئەدەرێت، لەو بارەیەوە (کریس هارمەن) پێیوایە سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی ئابووریی بوو نەک مەبەستی تر، کە جەختی لە سەر یەکسانی کار بۆ هەمووان دەکردەوە، (مارکسییزم چۆن کار ئەکات، ٢٠١٧: ٦٥،٦٦). ئەو خاڵە لە لایەن ماکس ڤیبەرەوە زۆر بە روونی ئەوەمان پێ ئەڵێت، کە ریفۆرمی ئاینیی زیاد لە هەرشتێکی تر رەهەندێکی ئابووریی بوو، دواتر گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بە دوای خۆی دا هێنا، ناوبراو نموونەی پیشەی ناوچە پرۆتستانتە نیشنەکان بەراوود بە ناوچە کاثۆلیکییەکان لە رووی پێشکەوتوویی کار، وەک سەلمێنەرێک لە گۆڕانی سیستەمی نەریتی فیودالیزمی بۆ سەرمایەداریی دیاری ئەکات.(ماکس ڤیبەر، ٢٠١٨. ٤٦،٤٧). هەروەها شۆڕشیی فەرەنسی و پیشەسازیی بەریتانیا مەرگی فیودالیزمیان خێراتر کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو قۆناغە تازەیە دەرگای بە رووی قەیرانێکی قووڵتر کردەوە، لە رووی کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ و مەسەلەی ئیمپریالیزمی ئەورووپی، کە ئامانجە راستەقینەکە لێی، پرۆژەیەکی ئابووریی بوو، بە مەبەستی دۆزینەوەی بازاڕ و ساغکردنەوە بەرهەمەکان و داگیرکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی گشتیی . لینیین دەربارەی ئەوە پێیوایە، ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناغی گەشەسەندووی سەرمایەدارییە، کە لە سەربنەمای مۆنۆپۆل کردنی بازاڕ بەستنەوەیان بە سیاسەتی خۆیان دارشتووە. (لینین، بێ ساڵ: ١٥٠،١٥١). هەروەها لە سەر ئاستی ناوخۆیش چەندین بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی دژ بە هەژموونی بۆرژوازییەت و سەرمایەداریی بەرپا بوون، بە تایبەت ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ لە زۆرێک وڵاتە ئەورووپییەکان، زۆر بە روونی ململانێ و خەباتی چینایەتی پەرەسەند، هەروەها ئەو سەردەمە هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی بیری مارکسییزم ی و رەنگدانەوەیان لە سەر رووداوەکان.(٨)

## ٥. کۆمەڵگەی سۆشیالیزم - کۆمۆنیزم

بە پێی میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی، ئەو قۆناغە بە دوا قۆناغی گەشەی مێژوویی کۆمەڵایەتی دا ئەنرێت، سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم دوو پێکهاتەی کۆتایی پەرەسەندنی ئابووریی کۆمۆنیزمیین، سۆسیالیزم وەک قۆناغی ئامادەکاریی و هەروەها کۆمۆنیزم دوای قۆناغ ، کە بریتییە لە باڵاترین گەشەسەندووی ئابووریی کۆمەڵایەتی، واتە لە هەنگاوی یەکەمدا تەنها زەمینەی رەخساندنی پرنسیپەکانی کۆمۆنیزم خۆش ئەکات، وەک گواستنەوەی خاوەندارێتی تایبەت بۆ موڵکی گشتیی ی (دەوڵەت)، رێکخستنەوەی شێوە بەرهەم و کار بۆ هەر کەسێک بە پێی پێداویستی دابین ئەکرێت، بەڵام لە کۆمۆنیزمی باڵادا یاساکان و دەوڵەت و دام و دەزگاکان بوونییان نامێنێت، لێرەوە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا شوێنی ئەگرێتەوە.(کۆمەڵێک نووسەر، ماتریالیزم، ٢٠١٩، ١١،١٢)، لە گرنگترین شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمهێنان، بریتییە لە نەهێشتنی خاوەندرایەتی و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەو واتایە شۆڕشی سۆشیالیزمی هەڵگری خەسڵەتێکی جیهانییە، بەو هۆیەی دابەش کردنی

کار لە جیهاندا بەرهەمهێنراو و داهێنراوی سیستەمی سەرمایەدارییە، لەبەرئەوە پێویست ئەکات چارەسەرێکی جیهانیش بۆ ئەو قەیرانانە بدۆزرێتەوە.(کۆمەڵێک نووسەر، (مارکسیزم) ، ٢٠١٨، ١٠٨،١٠٩) (هێربەرت مارکۆزە) دەربارەی ئەوە پێوایە سەرەکیترین سیمای ئەو قۆناغە لە فەلسەفەی مارکسیزم دا، بریتییە لە خەبات دژی خاوەندارێتی، بەوەی مرۆڤ بوونێکی کۆمەڵایەتییە، گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ بوونە راستەقینەکەی و ئازاد بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.(هێربەرت مارکۆزە، ٢٠١٦: ٨٠)، واتە دابەش کردنی کۆمەڵگە بۆ چینەکان، ئەگەر لە رابردوو هەندێ پاساوی مێژوویی هەبوو بێت بۆ شەرعییەتدان بەو دابەشکارییە، ئەوا بۆ هەلومەرجێک و ماوەیەکی دیاریکراو راست بووە، واتە هەڵوەشانەوەی جیاوازیی چینایەتی کۆمەڵگا، پێوستیی بە پەرەسەندنی مێژوویی هەیە، ئەوەش بە رووبەڕوو بوونەوەی سەرجەم سیماکانی سەرمایەداریی هەیە، لە شێوە و هێز و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.(ئەنگڵز، سۆشیالیزمی زانستیی...، ٢٠١٨: ٢٥٤). هەروەها لینین پێوایە لە مارکسیزم دا رۆڵی دەوڵەت بەرهەم و دەرکەوتەی ناسازیی و ناکۆکی نێوان چینەکانە، لە ئەنجامی جیاوازیی چینایەتی دەوڵەت لە دایک بووە، پێوایە دەوڵەت ئۆرگانێکی چینایەتیە، لە فەرمانڕەوایی چینێک بە سەر چینێکەوە. (لینین، ب٧، ٢٠٢٢: ٢٣).

بە سرووشتیی خۆی سەرمایەداریی زەمینەی لە دایک بوونی دوا قۆناغی گەشەی کۆمەڵایەتی (کۆمۆنیزم) درووست ئەکات، رەنگە ئەو تێڕوانینەی ئەنگڵز دەربارەی ئەو گۆڕانە لە شوێنی خۆی بێت کە ئەڵێت‹‹ لە شارستانییەتدا، هەژاریی لە زۆری دەوڵەمەندییەوە سەرچاوە دەگرێت››. (ئەنگڵز، ئانتی دورینگ...، ٢٠١٨: ٢٦٩). بەو واتایە سەرمایەداریی لە رێگەی تەکنیکەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، سەرمایە لە بازنەیەکی بەرتەسکدا ئەخولێتەوە، هەروەها گلدانەوەی لەلایەن گروپێکی کەمینەوە، بە واتای بەرفراوانی هەژاریی لە سەر ئاستێکی زۆرینەی کۆمەڵ.(ئەنگڵز، ئانتی دورینگ...، ٢٠١٨: ٢٨٣) ئەو دیدە ئەو خاڵەمان بۆ روون ئەکاتەوە کە سیستەمی سەرمایەداریی خۆی هەڵگری رەت کردنەوەیە بە پشت بەستن بە وشیاریی و خەباتی پرۆلیتاریا، ئەنگڵز دەربارەی کۆتایی چۆنێتیی کۆتایی هاتنی سەرمایەداریی ئەپرسێت بەوەی ئایە ئەو قۆناغە راگواستەی نێوان سەرمایەداریی بۆ کۆمۆنیزم لەرێگەی ئاشتییەوە بەدی دیێت؟ دواتر هەر خۆی وەڵام ئەداتەوە و پێوایە هەرگیز لە رێگەی ئاشتی ئەو گۆڕانە بەدی نایەت، چونکە نەیارانی کۆمۆنیستەکان بە توندترین شێوە هەوڵدەدات بەرنگارییان بێتەوە، هەر ئەوەش پاڵ بە چینی کرێکاران دەنێت، بۆ شۆڕش، واتە گۆڕینی تیۆر بۆ ئاستی پراکتیس(Engels, ١٩٢٥: ١٧).

## چوارەم/ مۆدێلی بەرهەم هێنانی ئاسیایی

ماتریاڵیزمی مێژوویی هەموو وردەکارییەکانی مێژوو روون ناکاتەوە، بەڵکو لە روانگە بەرفراوانەکەیەوە بەشێکی گرنگ و کاریگەر لە مێژووی مرۆڤایەتی ئەخاتە روو، هەروەها سەبارەت بە گەشەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مەرج نییە لە هەموو کلتوورێک، بەو مێتۆدۆلۆژییە بڕوات، وەک مارکس و ئەنگڵز ئاماژەیان پێ کردووە، واتە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ و پلەبەندی گەشەی مێژوویی پەیوەست نییە بە سەرجەم کۆمەڵگاکان، بە پێچەوانەوە رەنگە هەندێ کلتوور نەچێتە ناو ئەو پرۆسە گەشەسەندووەی لە کۆمۆنی سەرەتاییەوە بۆ کۆمۆنیزمی باڵا. سەبارەت بەوە مارکس و ئەنگڵز کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتیان بە شێوەیەکی جیاواز راڤە کردووە، کە لە ناو هزری مارکسیزم دا بە (مودێلی بەرهەمهێنانی ئاسیایی) ناسراوە. ئەو شێوازە لە زۆر لایەنەوە جیاوازە لەگەڵ

بەرهەمهێنانی ئەورووپی، بۆیە گرنگە ئەگەر بە شێوەیەکی کورتیش بێت مۆد و شێوەکانی بەرهەمهێنانی ئاسیایی لە هزری مارکسییزم دا هەندێ مشتومڕی لە بارەیەوە بکرێت، بە تایبەت دوای ئەو رەخنانەی ئاراستەی ئەو تێزەی مارکس کرا، لەوەی وا چاوەڕێ ئەکرا، کە شۆڕشی کۆمۆنیزمی لە وڵاتێکی پیشەسازیی پیشکەتوو سەرهەڵ بدات، بەڵام پێچەوانەی ئەوە لە رووسیای کشتوکاڵیی سەرهەڵدا(٨).

گرنگ و بایەخی ئەم تیۆرە لە هزری مارکسییزم دا لەوەدایە، کە هەوڵدراوە بە میتۆدێکی تایبەتمەند و جیاواز سەبارەت بە پرسی ئاسیا و رۆژهەڵات راڤەی گەشەی کۆمەڵایەتی بکەن. رەخنەیەکی زۆر باو، کە لە هزر و زانستە مرۆڤایەتییەکان و سرووشتییەکانی رۆژئاوا بگیرێت بە گشتیی ، ئەوەیە کە مەسەلەی (ئەورووپی سەنتریزم) خۆی ئەسەپێنێت بە سەر هەموو دیاردە و کلتووره جیاوازەکانی جیهانەوە، هەروەها لایەنێکی تری گرنگی ئەم مۆدێلە ئەوەیە تا چەند گونجاوە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لە دەرەوە و یاخود بە بێ بوونی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی لە دایک بێت؟، لەم بارەیەوە (هیلمۆت رایش) پێیوایە، مارکس و ئەنگلز لە پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵ تاکڕەهەندی و ئەورووپی سەنتریزمیان نەکردۆتە پێوەرێک بۆ هەموو گۆڕان و گەشەسەندنەکان. (هیلمۆت رایش، ٢٠١٨: ٢١٥،٢١٦). هەڵبەتە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلز بەشێوەیەکی بەرفراوان باس لە شێوەکانی بەرهەمهێنان لە پێش قۆناغەکانی سەرمایەداریی و کۆمەڵگا کۆنەکان کراوە، هەروەها شێوەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی ئاسیایان لە کۆمۆنە سەرەتاکاندا خستۆتە روو. لە تێڕوانینی مارکس و ئەنگلز دا، لە سەرهەڵ نەدانی خاوەندارێتی لە رۆژهەڵات، هۆکارەکەی بۆ چەند بارودۆخێکی تایبەت ئەگەڕێنەوە، بە تایبەت لە رووی جوگرافی و ئاو و هەواوە، ئەنگلز لە نامەیەکدا بۆ مارکس ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات، کە رۆژهەڵاتییەکان نەگەیشتوون بە خاوەندرێتی تایبەت و دەرەبەگایەتیی، کە هۆکەی بۆ سرووشت و پێکهاتەی خاک ئەگەڕێنێتەوە. (Agles to Marx, June ١٨٥٣) هەروەها مارکس لای خۆیەوە هۆکارەکەی بۆ ستەمکاری دەوڵەت ئەگەڕێنتەوە، ناوبراو پێیوایە بەرهەمەکەی (هێرنییە) بناغەی زۆربەی دیاردەکانی رۆژهەڵاتی دۆزیووتەوە، بە تایبەت لە تێڕوانییەکانی سەبارەت بە تورکیا و ئێران و هیندستان، کە ئەو ناوچانە تایبەتمەندیی زەوییان هەیە.(Marx to Engels, June ١٨٥٣).

سیمایەکی تری شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، ژیانی کشتوکاڵییە یاخود لە ناوئەم تێگەیشتنە جەخت لە سەر کشتوکاڵیی سۆشیالیستی کراوەتەوە، جیاوازە لەگەڵ مۆدی بەرهەمهێنانی ئەورووپایی، بۆیە دەبینین لە فەلسەفەی (مارکسییزم -لینینییزیم) دا زیاتر تەرکیز خراوەتە سەر ریفۆرمە کشتوکاڵییەکان، (لینین) پێوایە رووسیا تیزاری تا کەوتنی لە دەسەڵات بە رووسیای فیودالیزمی بووە، ئەو لە بری (شێوەی ئاسیایی)، وڵاتە کشتوکاڵییەکانی بە کارهێناوە،( لینین، ٢٠٢٢: بەرگی یەکەم، ٤٢٠،٤٢١)، بە شێوەیەکی گشتیی هزری مارکسیی لە رۆژهەڵاتدا، زیاتر بە ئاراستەی خەبات بۆ رەت کردنەوەی فیودالیزم و چاکسازی لە زەوییدا خۆی بینیوەتەوە، ئەمە خاڵی بنەڕەتی جیاوازیی شێوەکانی بەرهەمهێنانی ئاسیا و ئەورووپایە، لای لینین زیاتر جەخت لە ئابووریی جوتیاریی کراوەتەوە، واتە درووست کردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە سەر بنەمای چاکسازی لە زەویی و رەخساندنی هەرەوەزیی بە کۆمەڵ بە شێوەیەکی یەکسان. (لینین، بەرگی نۆیەم، ٢٠٢٢: ٢١٧). هەروەها پلیخانۆف سەبارەت بە شێوەی ئاسیایی پێیوایە ئۆرگانەکانی شێوەی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، بەردەوام دوبارە خۆیان بەرهەم ئەهێننەوە، واتە کاتێک بە رێکەوت دۆخێک لە ناو ئەچێت، ئەوا جارێکی تر لە هەمان خاڵەوە دەست پێ ئەکاتەوە، ناوبراو ئەڵێت،، ئەوە کلیلی نەگۆڕی و گۆڕانکارییەکانی بنەماڵەیی و پێکهاتەی ئابووریی

کۆمەڵگاکانە، وەک هەورە ڕەشەکانی ئاسمانی سیاسی بە دەستەوەمان ماوە››.(Our Differences, ١٨٩٥, ١٨٩).
سەرباری جیاوازی نێوان لینین و پلیخانۆف دەربارەی شێوەکانی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، بەڵام لای هەردووکیان لە بری شێوەی ئاسیایی رووسیای کشتوکاڵییان قبووڵ کرد(Donald, ١٩٨٧: ٤)، بەڵام پلیخانۆف رووسیا ئەخاتە دەرەوەی نێوان ئەو دوو ئەڵقەیەی شێوەی ئاسیایی و ئەورووپی، بەڵکو ناوبراو رۆژهەڵاتییەکانی وەک گیرۆدەی دەسەڵاتی خێڵ و پیاوسالاریی هۆزگەرایی ئەناسێنێت، کە رەنگە ئەو دیاردەیە لە رووسیا نەبێت.(Plekhanov, ١٨٩٥: ٤١,٤٢)هەڵبەتە مارکس و ئەنگڵزیش ئەوە ناشارنەوە کە تاڵانی ئابووریی لەلایەن حکومەت و دەربەگەکان گرنگترین شێوەکانی بەرهەمهێنانی ئاسیایین، ئەوە جگە لە هۆکارە جوگرافییەکان.(هیلمۆت رایش، ٢٠١٨، ٩٩) بە شێوەیەکی گشتیی  دید و تێڕوانینی رۆژئاوا سەبارەت بە رۆژهەڵات، لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی کۆنەوە تا قۆناغی مۆدێرنە، لە چەندین رەهەندی جیاوازەوە سەیر کراوە، لە ئایدیالیزمی و ماتریالیزمی سەدەی نۆزدە راڤەکردنی کلتووریی ئاسیایی و بە تایبەت رۆژهەڵات جێگای مشتومڕ بووە، خاڵی جیاوازیی دیدی ماتریالیزمی بۆ کلتوورەکانی دەرەوەی ئەورووپیی لە سەر بنەمای پەرەسەندنی عەقڵی رەها نییە، کە ئایدیالیستەکان زۆرجار بەوە تۆمەتبار ئەکرێن، کە جۆرێک لە شەرعیەتدان بە باڵایی خۆیان لە رووی عەقڵانییەتەوە بە سەر کلتوورەکانی ترەوە سەپاندووە، بە پێچەوانەوە راڤەی ماتریالیزمی بە تایبەت لە ناو نەریتی مارکسییزم  دا، شێوەی ژیانی ئابووریی و بەرهەمهێنان، وەک هۆکارێکی پێشیینە، بۆ گۆڕانە هزرییەکان لە قەڵەم ئەدات. تیۆری بەرهەمهێنانی ئاسیایی خاڵێکی گرنگ و یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی هزری مارکسیی سەبارەت بە گۆڕانەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە ناوچەکە بە گشتیی .
لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێکی سەرەکی گەیشتووە لەوانە:
میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی گۆڕانێکی ڕیشەیی نوێی لە سەردەمی خۆی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی (ئابووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی و کلتوورییەکان) هێنایەوە کایەوە. ئەتوانیین بڵێین شۆڕشێک بوو بەسەر میتۆدە کلاسیکییەکانی (گێڕانەوەیی و وەسفی)، بە تایبەت لە بواری مێژوونووسیی دا، کە مێژوونووسی لە باس و خواسی ئەفسانەیی و زمانی چیرۆکی و ئایینی رزگار کرد و دەوازەییەکی نوێی بە سەر گوتاری مێژوونووسیدا کردەوە.
لە لایەکی ترەوە ماتریالیزمی مێژوویی بە سوود وەرگرتن لە پەرەسەندنەکانی سرووشت (دیالەکتیکیی ماتریالیزمی)، توانیی نهێنیی پەرەسەندنەکانی کۆمەڵ شی بکاتەوە و یەکێتییەک لە نێوان زانستە سرووشتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان درووست بکات.
هەروەها ئەوەی لەو توێژینەوەیەدا بەدی کرا، بریتیی بوو لە دەرکەوتنی بیروبۆچوونی جیاواز لە ناو هزری مارکسزیم، بە تایبەت لە مەسەلەی زانستیی بوونی میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی، چونکە بەشێک پێیانوایە میتۆدێکی زانستییە ناچێتە چوارچێوەیەکی تیۆرێ، لە بەرامبەردا بەشێکی تر پێیانوایە، هزری مارکسییزم  و بە دیاریکراویی خودی کارل مارکس تێزەکانی خۆی وەک بنەمایەکی فەلسەفەی دارشتووە.
خاڵێکی تر لەو توێژینەوەیەدا ئەوە دەرئەخات، کە مەرج نییە هەموو کۆمەڵگاکان بەو شێوازەدا تێپەڕێت، کە کۆمەڵگەی ئەورووپی پێدا رۆیشتووە، واتە جیاوازییان لە نێوان کەلتوور و شارستانییەتەکاندا کردووە، بەتایبەت بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان تیۆریەکی تایبەت بە ناوی (شێوەی مۆدی بەرهەمهێنانی ئاسیا)یان دارشتووە.

هەروەها سەبارەت بە ئامانجدارێتی و ناچارێتی مێژوو، ئەو جیاوازییە بە روونی لە ناو هزری مارکسییزم دا بەدی ئەکرێت. دابەشبوونێکی ڕوون لە نێوانیان سەبارەت بەو پرسە بەدیی ئەکرێت.
ئەم مێتۆدۆلۆجییە زیاتر رۆڵی چینی گشتیی و کۆمەڵی پێش دەستەبژێری سیاسیی و ئاینیی هێنایە ناو مێژوو، پێچەوانەی تیۆر و میتۆدەکانی تر، کە جوڵە و ئاراستەی مێژوویی لە سەرەوە بوونیاد نرا بوو، بەڵام مارکسزیم هێز و پاڵنەرەکانی مێژووی لە ئاستی خوارەوە ئاشکرا کرد. هەروەها ئەو میتۆدۆلۆجییە سەرەنجی خستە سەر خەبات و ململانێی چینایەتی، لەو رێگەیەوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی لە پێش بزوتنەوە سیاسییەکان دانا، بە واتایەکی تر لایەنی وەک لایەنێکی پەیوەست بە (ئابووریی و کۆمەڵایەتی) خستە بەر باس.

## پەراوێزەکان

(١) دەربارەی ئەو بابەتە مارکس و ئەنگلس بە روونی و بەرفراوان لە زۆرینەی بەرهەمەکانیان وەک ( بەشداریکردنی لە رەخنەی مافی هیگڵ و ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی و دەستنووسە فەلسەفییەکان) ئەو میتۆدە دیالەکتیکییە ئایدیالیزمە دەخەنە بەر رەخنە و رەتی ئەکەنەوە.

(٢) تیزی دکتۆراکەی کارل مارکس بە ناوی جیاوازی فەلسەفەی سرووشت لە نێوان دیموکرتس و ئەپیکوریس (Difference Between the Democritean and Epicurean Philosophy of Nature, ١٨٤١).

(٣) کۆمۆنەی پاریس، بزوتنەوەیەکی کرێکاران و چەپەکانی فەرەنسا بوو لە ساڵی ١٨٧١، بۆ ماوەی دوو مانگ توانیین دەستەلات لە پاریس بگرنە دەست، بەڵام دواتر لەلایەن راستڕەوەکانەوە کۆتاییان بە دەستەڵاتیان هێنا.

(٤) ئەم تیۆرەی فۆکۆ لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی رەنگیداوەتەوە، وەک (سزا و دیسپلین، مێژووی شێتی، سێکسوالیتە) و بەشێکی زۆر لە وتار و وانەکانی دەربارەی پرسەکان لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەیە هەوڵیداوە تێزەکانی خۆی دابڕێژێت، لە گرنگتریان وانەکانی کۆلێژی دوفرانس کۆکراوەتەوە لەژێر ناوی (پێویستە بەرگری لە کۆمەڵگا بکرێت)، تەنانەت فۆکۆ لە سەردەمی گەنجێتی خۆیدا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە کاریگەر بووە بە هزری مارکس.

(٥) ئەم تیۆرەی فۆکۆ لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی رەنگیداوەتەوە، وەک (سزا و دیسپلین، مێژووی شێتی، سێکسوالیتە) و بەشێکی زۆر لە وتار و وانەکانی دەربارەی پرسەکان لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەیە هەوڵیداوە تێزەکانی خۆی دابڕێژێت، لە گرنگتریان وانەکانی کۆلێژی دوفرانس کۆکراوەتەوە لە ژێر ناوی (پێویستە بەرگری لە کۆمەڵگا بکرێت)، تەنانەت فۆکۆ لە سەردەمی گەنجێتی خۆیدا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە کاریگەر بووە بە هزریمارکس.

(٦) دەربارەی ئەو بابەتە کتێبەکەی ئەنگڵز (بنەچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت و دەوڵەت) زۆر بە بەرفراوانی باسی لێوە ئەکات.

(٧) رووداوەکانی ئەو سەردەمە لە سەرچاوە مێژوویەکان بە شێوەیەکی گشتیی لە دوو خاڵی سەرەکی خوێندنەوەی بۆ ئەکەن، یەکەمیان پێیانوایە هەندێ لەو شۆرشانە، بە تایبەت ئەو نەتەوەوانەی کە خاوەرنی دەوڵەتی خۆیان نەبوون لە ژێر کاریگەریی هەستی نەتەوەیی شۆڕشەکانیان ئەنجامداوە وەک ئەڵمانییەکان و ئیتالییەکان، هەروەها لایەنی دووەم پێیانوایە شۆڕشەکە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی و بە ئامانجی خەباتی چینایەتی دژ بە سەرمایەداریی سەریان هەڵداوە، بەوەی بەشی زۆری کرێکاران و هەژاران و خوێندکار یاخود چینی خوارەوەی کۆمەڵگە رۆڵی سەرەکییان بینییوە لە ناو رووداوەکان.

(٨) سەبارەت بە پرسی تیۆری مۆدی بەرهەمهێنانی ئاسیایی لە لایەن مارکسەوە ئەو بابەتە خرایە بەرباس دواتر لە نامەکانی نێوان مارکس و ئەگڵز بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەرگێکی تایبەتمەندییان بۆ دانا، هەروەها سەبارەت بە سەرهەڵدانی شۆرشی پۆلیتاریا یاخود گەیشتن بە کۆمەنیزم، لە بەرهەمەکانی (مارکس و ئەنگز) بەتایبەتی (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی) (مانیفێستی مارتی کۆمۆنیس) و (سۆشیالیزمی زانستی و سۆشیالیزمی یۆتۆپی) چەندین وتاری ڕۆژنامەیی و نامەکانیی نێوانیان جەختیان لە سەر ئەو خاڵە کردووەتەوە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ بە زمانی کوردیی ی


ئێگلتۆن، تێری (٢٠١٦)، مارکس و ئازادی، دەزگای ئایدیا، سلێمانی ، چاپی یەکەم.

ئەنگڵز، فردریک (٢٠١٨)، سۆشیالیزمی زانستیی و سۆشیالیزمی یۆتۆپی، و. بابان ئەنوەر، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی سلێمانی.

ئەنگڵز، فریدریک (٢٠١٧)، بنەمچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت، و. کەریم مەلا ڕەشید، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

ئەنگڵز، فریدریک (٢٠١٨)، ئانتی دورینگ، شۆرشی جەنابی دورینگ لە زانستدا، وەرگێرانی، حوسێن حوسێنی، دەزگای جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ڕایش، هیلمۆت (٢٠١٨)، مۆدێلی بەرهەم هێنانی ئاسیایی لە هزریمارکس و ئەنگڵزدا، و. بابان ئەنوەر، ئایدیا، سلێمانی.

ڤیبەر، ماکس (٢٠١٨)، ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری، و. ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، ئەندێشە، سلێمانی.

کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠٢٠)، فەرهەنگی هزری مارکسیستی، و. کۆمەڵێک وەرگێر، چاپی یەکەم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.

کۆمەڵێک نوسەر، (٢٠١٨)، ماتریالیزم، پرۆژەی چەمکە فیکری و فەلسەفییەکان، وەرگێرانی کۆمەڵێک وەرگێر، دەزگای ئایدیا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

کۆمەڵێک نوسەر، (٢٠١٨)، مارکسییزم پرۆژەی چەمکە فیکری و فەلسەفییەکان، وەرگێرانی کۆمەڵێک وەرگێر، دەزگای ئایدیا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

کۆمەڵیک نوسەر،٢٠١٨)، ئایدیالیزم، و. کۆمەڵێک وەرگێر، دەزگای ئایدیا، سلێمانی

کەمال، محەمەد (٢٠١٩)، مارکس وەک فەیلەسوف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

لینین، ڤلادێمر (بێ ساڵ)، ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری، و. ناجی ئەفراسیاو، ناوەندی کۆمۆن.

لینین، ڤلادیمێر (٢٠٢٢) هەڵبژاردەیەک لە کۆبەرهەمی لینین، بەرگی یەکەم، و. شێروان ئیبراهیم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.

لینین، ڤلادیمێر (٢٠٢٢)، هەڵبژاردەیەک لە کۆبەرهەمی ڤلادیمێر لینین، بەرگی چوارەم، و. کۆمەڵێک وەرگێر، دەزگای ئایدیا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

لینین، ڤلادیمێر (٢٠٢٢) هەڵبژاردەیەک لە کۆبەرهەمی لینین، بەرگی پێنجەم، و. کارزان غەفوور، دەزگای ئایدیا،

سلێمانی.
لینین، ڤلادیمێر (٢٠٢٢) هەڵبژاردەیەک لە کۆبەرهەمی لینین، بەرگی حەوتەم، و. ژیار فەلاح، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.
لینین، ڤلادیمێر (٢٠٢٢) هەڵبژاردەیەک لە کۆبەرهەمی لینین، بەرگی نۆیەم، و. شێروان ئیبراهیم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.
ماتسەس، ساڤاس مایکڵ، (بێ ساڵ)، لینین و ڕێگای دیالەکتیکەکەی، و. کارزان عەزیز، ناوەندی کۆمون، سلێمانی.
مارکس، کارل (٢٠١٥)، سەرمایە بەرگی سێیەم، و. عەبدوڵڵا ڕەسولی، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی
مارکس، کارل (٢٠١٥)، سەرمایە بەرگی یەکەم، و. عەبدوڵڵا ڕەسولی، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی
مارکس، کارل و ئەنگڵس، فرەدریک (٢٠١٧)، مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست،و. پێشرەوە محەمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوە و هزریشەهید ئارام، سلێمانی.
مارکۆزە، هێربرت (٢٠١٦)، بنەڕەتی ماتریالیزمی مێژوویی، و. کارازان عزیز، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوەی هزریشەهید ئارام، سلێمانی.
هارمەن، کریس (٢٠١٧)، مارکسییزم چۆن کار ئەکات؟، و. بابان ئەنوەر، چاپی دووەم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.
ودس، ئالان و رۆب سیوێل، (٢٠١٧)، ماتریالیزمی مێژوویی، و. کارزان عزیز، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
یاخوت .ڤ، پودوسیتنیک و سبیزکین، پودوسیتنیک (٢٠٠٧)، فەلسەفەی مارکسییزم ، و. جەلال دەباغ، چاپی دووەم، چیخانەی شڤان، سلێمانی.

## دووەم/ بە زمانی عەرەبی

جوزيف ستالين، (بدون سنة)، المادية الديالكتيكية و المادية التاريخية، ترجمه حسقيل قوجمان.

## سێیەم/ بە زمانی ئینگلیزی

.Materialism and the Dialectical Method, USA (٢٠١٥) CORNFORTH, MURICE
HISTORICAL MATERIALISM AND THEECONOMICS OF KARL ,(٢٠١٢) CROCE, BENEDETTO .MARX, TRANSLATED BY C.M. MEREDITH, Fellow and Lecturer of Balliol College, Oxford
Soviet Historian's Views of the Asiatic Mode of Production, Hokkaido ,١٩٨٧ ,Donald, TREAD GOLD .University
Principle of Communism, Translated by Max Bedacht, The little Red Library, ,(١٩٢٥) Engels, Frederick .٣ .no
Production Modes, Marx's Method and the Feasible Revolution, European ,(٢٠١٦) Jossa, Bruno .November, University Federico, Naples ,٣١.No ,(١٢) .Scientific Journal, Vol

Economic and philosophical Manuscripts, translated into English. Progress (١٩٧٧) Marx, Karl Publishers, Moscow

EARLY WRITINGS INTRODUCED BY LUCIO COLLETTI, TRANSLATED ,(١٩٩٢) MARX, KARL .BY RODNEY LIVINGSTONE AND GREGOR BENTON, LONDON

.Marx, Karl, and Angels, Friedrich, (Non Year) The German Ideology, New York

.Moscow ,Essays on the History of Materialism, Halaman٣ ,(١٩٧٦) Plekhanov, George

.Dixom, Marxist Internet Archive Our Differences, Translated by R٠ ,١٨٨٥ Plekhanov, George

A scientific Marxist- Leninist Explanation of mankind's ,١٩٩٥ ,Unknown, Historical Materialism .Development from Primitive society to Socialism and Today's World

You cannot Swim Twice in the Same River, The Genesis of Dialectical ,(٢٠١٣) .Vijayamahanen, Pillai N .Materialism, Center for Development Studies, India

An Analysis of the Controversy Between Dialectical ,(٢٠١٣) ,Wogu, Ikedinachi Ayodele Power Materialism and Historical Materialism as Methodology of Science, Indian Journal of Arts, Rema .University

### چوارەم/ پێگەی ئەلیکترۆنی

Letters (نامەکان)

evening [,١٨٥٣] June ٦ ,Engels To Marx, In London, Manchester

٢٠٢٢/٦/٢٥ htm.٠٦_٠٦_٥٣/letters/١٨٥٣/https://marxists.architexturez.net/archive/marx/works

Dean Street, Soho ٢٨ ,١٨٥٣ June ٢ [,Marx To Engels, In Manchester, [London

٢٠٢٢/٦/htm٢٥.٠٢_٠٦_٥٣/letters/١٨٥٣/https://marxists.architexturez.net/archive/marx/works

ئەرشیفی مارکسیی

٢٠٢٢/١٠/٢٩ Marx and Engels, Theses on Feuerbach, internet Archive

theses/theses.htm/١٨٤٥/https://www.marxists.org/archive/marx/works

## الملخص

الملخص يعد التفسير المادي للمسائل والقضايا من أهم الأساليب العلمية للبحث حيث وضع ماركس وإنجلز أسس هذه المنهجية على وجه التحديد، ثم أعطاها الماركسيون لاحقًا أشكالا وخصائص أخرى. وكان الفهم المادي للتاريخ وغيره من موضوعات المعرفة الجديدة في عصره، مما ترك أثراً واسعاً بعده. تلعب هذه الدراسة أهمية بالغة لتسليط الضوء على المناهج المادية المعنية بأبحاث الطبيعة والمجتمع بشكل عام، والتي من خلالها يمكن اتباع منهج البحث التاريخي؛ لأن أهم المشكلات التي وقفت بالحد أمام أي البحث عبارة عن عدم الوضوح في استخدام منهج معين. وعلى هذا الأساس تحاول هذه الدراسة الإجابة عن عدد من الأسئلة، مثل هل يعد

منهج المادية التاريخية علما بعينه؟ فهل من المناسب تفسير جميع المجتمعات بهذا المنهج بغض النظر عن اختلاف الثقافات والحضارات وخصائصها؟ هل تحدث تطورات وتغيرات التاريخ المقصودة والحتمية بمعزل عن إرادة الإنسان؟ قد تصبح هذه الأسئلة فضلا عن أسئلة عديدة أخرى، موضوعا للنقاش الساخن ضمن الحجج المختلفة في الفكر الماركسي. بناءً على الأسئلة المذكورة أعلاه، تعتمد منهجية البحث بشكل كبير على التحليل و النقد. وقد توصلت هذه الدراسة إلى عدة استنتاجات أولية، إحديها؛ هل تمكن المنهج من مناقشة واقع الحياة الاجتماعية والطبيعة بما يتجاوز القراءات الخارقة للطبيعة والأسطورية لموضوعات البحث؟ كما اكتشف أيضًا سر التطور والتغيّرات في التاريخ الاجتماعي والطبيعي ضمن واقع مادي، حيث إن التطورات غالبًا ما تكون قسرية وتتزامن مع التغييرات في الحياة المادية بين البشر.

**الكلمات المفاتحية (جدلية المادية، مادية التاريخية، الماركسية، التقييم، التاريخ، ماركس، ئەنگلس)**

## Abstract

Materialistic interpretation of issues is considered one of the most important methods of scientific research. This methodology was specifically laid down by Marx and Engels, and later given other forms and characteristics by Marxists. The materialist understanding of history and other subjects was a new knowledge of its time, which left a wide impact. Because of this importance, this study attempts to highlight the importance of materialist methods for understanding and research in general, so that historical research can be conducted methodologically, because one of the major problems facing research is the lack of clarity in the use of a particular method. On this basis, the current study attempts to answer a number of questions, such as whether the method of historical materialism can be considered a science. Is it appropriate to interpret all societies by this methodology, regardless of the differences and characteristics of cultures and civilizations? Are the developments and changes of history purposeful and inevitable and occur beyond human will? Those questions, and a number of others, may be the subject of heated discussion within the various arguments of the Marxist tradition. Based on these questions, the research method relied heavily on comparison and critical analysis. This study has reached several preliminary conclusions, one of which is that the method has been able to discuss the reality of social life and nature beyond supernatural and mythical readings of research subjects. The study has also revealed the mystery of evolution and changes in social and natural history within a material reality, in that evolutions are often forced and coincide with the changes in material life between human beings.

**Keywords: (Materialism Dialectics, Historical Materialism, Marxism, Evolution, Society, Marx, Angles)**